# چاپکراوی نوێ

چاپی یەکەمی کتێبی «مسعود بارزانی تەمەنێك لە سەروەری» نووسین و کۆکردنەوەی «سیروان عوسمان» لە تویێ (٣٠٤) لاپەڕە و بە بەرگێکی ناوازەوە بڵاوکرایەوە. نووسەر لەم بەرهەمە کۆکراوەیەیدا کە سوودی لە ڕۆژنامەی خەبات و گۆڤاری گوڵان وەرگرتووە، بەشێکی زۆر لە وتەکانی مەرجەعی باڵای کورد مسعود بارزانی کۆکردووەتەوە کە سەرجەمیان ڕێ پیشاندەرن بۆ پرسی چارەسەری کێشەی کورد و تێیدا جەخت لەسەر یەکڕیزی و یەکخستنی ناوماڵی کورد کراوەتەوە.

نووسەر لەم بەرهەمەیدا هەوڵی داوە دیدو بۆچوون و ڕوانگە و سیاسەتی حەکیمانەی پێشمەرگە و سەرۆك مسعود بارزانی بە سوودوەرگرتن لە وتەکانی جەنابیان لە ماوەی ساڵانی دوای ڕاپەڕینی شکۆداری ١٩٩١ تا ساڵی ٢٠١٢ بخاتە بەردیدی خوێنەر و خوازیارە تاکی کورد پەند لە وتەکانی سەرۆك و بیرمەندانی نەتەوەیی خۆی وەربگرێت.

وێڕای پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە سیروان عوسمان بۆ بەچاپگەیاندنی ئەو بەرهەمە بەپێزە لە قەوارەی کتێبێکدا، هیواداریـن کاروانی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردییش بەردەوام و پڕبەرهەم بێت.



دیندار دۆسکی سیاسەتمەدار بۆ گوڵان:

# سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت دوو کەسایەتیی بەهێز و خاوەن ئیرادەن بۆ چاکسازی





**لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ئەیلوولی ساڵی رابردووەوە، خەڵکی کوردستان چاوەڕێی ئەوەبوون کە لایەنە سیاسییەکان بگەنە رێککەوتن و پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت دەست پێ بکات، هەفتەی رابردوو نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی هەرێم لەبەردەم پەرلەمان سوێندی یاسایی خوارد، رۆژی دواتریش پەرلەمانی کوردستان مسرور بارزانی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی کوردستان ناوزەد کرد، دوای ئەویش لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە مەرسوومی هەرێمیی بۆ دەرکراو بەفەرمی مسرور بارزانی بۆ پێکهێنانی کابینەکەی راسپێردرا. ئەم دوو رووداوە وەرچەرخانێکی گرنگ بوون لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا و ئێستا خەڵکی کوردستان بە ئومێدەوە چاوەڕێی پێکهێنانی حکومەتی تازەی کوردستان دەکەن. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم رەوشە تازەیە، گوڵان ئەم دیمانە تایبەتەی لەگەڵ دیندار نەجمان دۆسکی سیاسەتمەداری کوردستان و وەزیری پێشووتری کۆچ و کۆچبەران لە حکومەتی عێراق ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** لەم چەند رۆژەی رابردوودا نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەردەم پەرلەمان سوێندی یاسایی خوارد، دوای ئەویش لەلایەن پەرلەمانەوە مسرور بارزانی وەك سەرۆك وەزیران ناوزەدکرا و لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە راسپێردرا بۆ پێکهێنانی کابینەکەی، ئایا چۆن سەیری ئەم قۆناخە تازەیەی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دەکەیت؟**

- ئەمە قۆناخێکی تازەیە لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و یەکەمجارە لەسەر ئاستی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئاڵوگۆڕی دەسەڵات دەکرێت، راستە ئاڵوگۆڕەکە لەناو یەك حزبدا بووە، بەڵام هەر کەسایەتییەك رۆڵ و کاریگەریی خۆی هەیە، هەروەها کاك مسرور بارزانی راسپێردراوە بۆ ئەوەی کابینەی داهاتوو پێکبهێنێت، بۆیە دەتوانم بڵێم ئەمە پێشکەوتنێکە لە پرۆسەی دیموکراتیی هەرێمی کوردستان و خەڵکیش چاوەڕێی گەورەیان لەم قۆناخە تازەیە هەیە. ئەم ئومێد و چاوەڕێییەش لەوە سەرچاوەی گرتووە کە پارتی دیموکراتی کوردستان دروشمی کوردستانێکی بەهێز و حکومەتێکی بەهێزی لە هەڵبژاردنەکان بەرزکردبووەوە، کوردستانی بەهێز و حکومەتی بەهێزیش، واتە دەبێت ئاستی خزمەتگوزارییەکان باشتر بکرێن، دەرفەتی کار بۆ گەنجان فەراهەم بکرێت، پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی و دەوڵەتانی دەوروبەر و جیهانیش باشتر بچنە پێشەوە، لەلایەکی دیکە هەردوو بەرێزان (نێچیرڤان بارزانی و مسرور بارزانی) خۆیان دوو کەسایەتیی بەهێزن و لەسەر ئاستی حزب پێگەی گرنگیان هەیە، لەناو حکومەت و ئیدارەش خاوەنی ئەزموونێکی گەورەن و پێشتر پۆستی گرنگیان هەبووە، ئەمەش مانای ئەوەیە لە بواری حوکمڕانی و کارگێڕیدا کەسایەتیی شارەزاو بەئەزموون و پسپۆڕن، لەمانەش گرنگتر بێگومان رۆڵی سەرۆك مسعود بارزانی رۆڵێکی گەورەو گرنگەو پشتیوانێکی گەورەیە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بۆیە ئومێدی خەڵکی کوردستان بۆ چوار ساڵی داهاتوو ئەوەیە کە بتوانن لە هەموو روویەکەوە کوردستان بەرەوپێشەوە ببەن.

*** هاوکات لەگەڵ ئەم بارودۆخە تازەیە، هەست دەکرێت نێوماڵی کوردستانیش جۆرێك لە یەکریزی بە خۆیەوە بینیوەتەوە، ئایا تاچەند بۆ ئەم قۆناخە ئەم یەکریزییە گرنگە؟**

- هەموو خەڵکی کوردستان و تێکرای سیاسەتمەدار و پسپۆڕان، یەکریزی و یەکهەڵوێستیی نێوان هێزە سیاسییەکان بە مەرجی سەرەکیی هەر دەستکەوتێك دەزانن، کە لە کوردستاندا دێتەدی، ئەوجا ئەو دەستکەوتە

**رۆڵی سەرۆک مسعود بارزانی رۆڵێکی گەورەو گرنگەو پشتیوانێکی گەورەیە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بۆیە ئومێدی خەڵکی کوردستان بۆ چوار ساڵی داهاتوو ئەوەیە کە بتوانن لە هەموو روویەکەوە کوردستان بەرەوپێشەوە ببەن**

**یەکەمجارە لەسەر ئاستی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئاڵوگۆڕی دەسەڵات دەکرێت، راستە ئاڵوگۆڕەکە لەناو یەک حزبدا بووە، بەڵام هەر کەسایەتییەک رۆڵ و کاریگەریی خۆی هەیە**

لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم بێت، یان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق، یان دەوڵەتانی دەوروبەر و جیهانیش، لەم قۆناخەدا ئومێدیکی گەورە هەیە کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دەتوانێت ئەم یەکڕیزییە دروست بکات و بیپارێزێت، بەڕێزیان لەم رووەوە ناسراون و پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ کۆی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هەیە، تەنانەت ئەو پەرلەمانتارانەشی کە لە پەرلەمان دەنگیان بۆ سەرۆکی هەرێم نەدا، یان ئامادەی دانیشتنەکەش نەبوون، ئەوانیش هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ کاك نێچیرڤان نییە، بەپێچەوانەوە خۆشحاڵ و دڵگەش بوون بە کاندیدکردنی ئەو بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەم پەیوەندییە فراوانەی ئەو جێگەی ئومێدە بۆ یەکڕیزی لە کوردستاندا، هەروەها بەڕێزیان پەیوەندییەکی فراوانیان لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی عێراق و دەوڵەتانی دەوربەریش هەیە، بۆیە لەم لایەنەشەوە مەزندەکان بەو ئاراستەیەن پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و دەوڵەتانی دەوروبەر و جیهانیش زیاتر بەرەو پێشەو بچن.

*** لە دوای راسپاردنەکەیەوە لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، مسرور بارزانی ٣٠ رۆژی لەبەردەمە بۆ ئەوەی حکومەتەکەی پێکبهێنت، ئایا لەو بڕوایەدای پێش ئەم وادەیە حکومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان پێکبهێندرێت؟**

- من ئومێدەوارم کاك مسرور بارزانی پێش تەواوبوونی ئەم ٣٠ رۆژە کابینەکەی پێکهێنابێت و لەلایەن پەرلەمانەوە متمانەی وەرگرتبێت، بە تێڕوانینی من ئاستەنگێکی ئەوتۆ لەبەردەم پێکهێنانی حکومەت نییە، لەبەر ئەوەی پێشتر لە نێوان ئەو سێ لایەنەی بەشدرای حکومەت دەبن (پارتی و یەکێتی و گۆڕان) لەسەر بەرنامەی حکومەت و پۆستەکان ڕێککەوتن کراوە، بۆیە ئەگەر ئیشکالێك لە نێوان پارتی و یەکێتی هەبێت، لەسەر کاندیدکردنی کەسێکە بۆ پارێزگاری کەرکووك و کەسێك بۆ وەزارەتی داد لە حکومەتی فیدراڵیدا، بۆیە لەو قەناعەتەم دەبێت پارتی و یەکێتی ڕێکبکەون و ئەم پرسانە نەکەنە ئاستەنگ لەبەردەم پێکهێنانی کابینەکە.

*** بەڵام پرسی دانانی پارێزگاری کەرکووك پەیوەندیی بە هەموو پێکهاتەکانی کەرکووکەوە هەیە و تەنیا پەیوەست نییە بە پارتی و یەکێتییەوە، ئایا هەتا بارودۆخی کەرکووك ئاسایی نەبێتەوە، ئەم پرسە یەکلایی دەبێتەوە؟**

- پێش هەموو شت گرنگە لەنێوان پارتی و یەکێتی ڕێککەوتن هەبێت لەسەر ئەو کاندیدەی کە یەکێتی بۆ پارێزگاری کەرکووك کاندیدی دەکات، هەروەها باشتریشە کە گۆڕانیش رازی بێت لەبەر ئەوەی هێزێکی سەرەکییە کە بەشداری لە حکومەتی هەرێمدا هەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر ئەم ڕێککەوتنە لەسەر کاندیدی یەکێتی بۆ پارێزگاری کەرکووك کرا، ئەوا هەرێمی کوردستان پشتیوانی لە پارێزگاری کەرکووك دەکات، بەبێ بوونی ئەم پشتیوانییەی هەرێم، هەرکەسێك ببێتە پارێزگاری کەرکووك بەتایبەتی لەم بارودۆخەی ئێستای کەرکووکدا، هیچ بایەخێکی نابێت و هیچیشی پێ ناکرێت، لەلایەکی دیکە لەبەر ئەوەی پارێزگار لەناو ئەنجومەنی پارێزگا هەڵدەبژێرێت و ئەندامانی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگا زۆرینەن، ئەوا دەبێت پارێزگارەکە کورد بێت، بۆیە کە ئەمە کرا، ئەوا ئەو کات وەك لیستی برایەتی دانوستاندن لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی کەرکووکیش دەکات، بۆ ئەوەی وەك پارێزگاری ئەو شارە خزمەتی تەواوی خەڵکی کەرکووك بکات بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە. ئەم هەنگاوە دەبێتە سەرەتایەك بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووك، ئەگەر وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، پارێزگار پشتگیریی تەواوی پارتی و یەکێتی و هەرێمی کوردستانی لەگەڵدا بێت، هەروەها ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووك دەبێت بە دانوستاندن بێت لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا، بۆیە لەم حاڵەتەدا کە پرسی ئاساییکردنەوە بە ڕێگەی دانوستاندن بێتەئاراوە، ئەوا دەبێت پارێزگارێکی کورد لە کەرکووك دابنرێت، لەبری ئەو پارێزگارە سەپێندراوەی ئێستا کە جارێکی دیکە پرۆسەی بەعەرەبکردنی شارەکەی دەست پێ کردۆتەوە، ئاشکرایە بە دانانی ئەم پارێزگارە دەتواندرێت پرۆسەی بەعەرەبکردن رابگیرێت، دوای ئەوە هەنگاوەکانی دیکەی ئاساییکردنەوە، وەك گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بە دانوستاندن

**پارتی دیموکراتی کوردستان دروشمی کوردستانێکی بەهێز و حکومەتێکی بەهێزی لە هەڵبژاردنەکان بەرزکردبووەوە، کوردستانی بەهێز و حکومەتی بەهێزیش، واتە دەبێت ئاستی خزمەتگوزارییەکان باشتر بکرێن**

**ئەو پەرلەمانتارانەی کە لە پەرلەمان دەنگیان بۆ سەرۆکی هەرێم نەدا، یان ئامادەی دانیشتنەکە نەبوون، ئەوانیش هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی نییە**

**ئاستەنگێکی ئەوتۆ لەبەردەم پێکهێنانی حکومەت نییە، لەبەر ئەوەی پێشتر لە نێوان ئەو سێ لایەنەی بەشدرای حکومەت دەبن (پارتی و یەکێتی و گۆڕان) لەسەر بەرنامەی حکومەت و پۆستەکان ڕێککەوتن کراوە**

**دەبێت پارێزگارێکی کورد لە کەرکووك دابنرێت، لەبری ئەو پارێزگارە سەپێندراوەی ئێستا کە جارێکی دیکە پرۆسەی بەعەرەبکردنی شارەکەی دەست پێ کردۆتەوە**



**نابێت بەوجۆرە سەیری حکومەتی داهاتوو بکرێت کە داری سیحریی بە دەستەوەیە و لەماوەی شەو و رۆژێکدا هەموو کێشەکان چارەسەر دەکات**

دەستی پێ بکرێت، راشکاوانەتر ئەگەر تەواوی هێز و لایەنەکانی کوردستان بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی پرۆژەیەکی تێروتەسەلیان بۆ دانوستاتدن لەسەر پرسی کەرکووك لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی پێ نەبێت، ئەوا ناتوانن لە پرۆسەی دانوستاندنەکاندا سەرکەتوو بن.

*** باسی ئومێد و چاوەڕوانیی خەڵکی کوردستانت کرد لە حکومەتی داهاتووی کوردستان، ئایا بە رای ئێوە گرنگە ئەولەوییەتەکانی حکومەت چۆن بن؟**

- بەڕێز کاك مسرور بارزانی کە دەبێتە سەرۆك وەزیرانی کابینەی داهاتوو، بەرنامەیەکی هەیە و دەیەوێت لەماوەی چوار ساڵی داهاتوودا جێبەجێی بکات، هەر بۆیە گرنگە ئومێد و چاوەڕوانیی خەڵکیش لە کابینەی داهاتوو ماقووڵ بێت و لەچوارچێوەی بەرنامەی حکومەتەکەدا بێت، نابێت بەوجۆرە سەیری حکومەتی داهاتوو بکرێت کە داری سیحریی بە دەستەوەیە و لەماوەی شەو و رۆژێکدا هەموو کێشەکان چارەسەر دەکات. ئەوجا لێرەوە بۆ ئەوەی



چاوەڕوانییەکان ماقووڵ بن، دەکرێت باس لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان بکرێت، کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیرانی کوردستان دەگرێتەوە، ئەم دوو پۆستە لای بەڕێزان (کاك نێچیرڤان بارزانی و کاك مسرور بارزانی)ین، ئەم دوو کەسایەتییە بۆ سەرکەوتنی حوکمڕانی خاڵی بەهێزیان هەیە، لەوانە:

١. هەردووکیان دوو کەسایەتیی بەهێزن لەسەر ئاستی حزب و حکومەت.

٢. هەردووکیان ئیرادەیان بۆ چارەسەکردنی کێشەکان هەیە.

جیا لەم دووخاڵە کە پەیوەستە بەو دوو کەسایەتییەوە، لەهەمانکاتدا ئەم حکومەتە بەهێز دەبێت، لەبەر ئەوەی سێ حزبی کوردستانی بەهێز کە بریتین لە (پارتی و یەکێتی و گۆڕان) تێیدا بەشدارن، ئەم سێ لایەنە ئەگەر پێداگرو پابەندبن بەو ڕێککەوتنانەی ئیمزایان کردووە و بەشێوەیەکی راستەقینە بەشداری لە حکومەتدا بکەن و، وەك پێشان نەبێت، کە پێیەکیان لە

**گرنگە دەسەڵات لە دەست حزبەوە بگۆڕێت بۆ دەسەڵاتێکی نیشتمانی و هەر دوو ئیدارەی پارتی و یەکێتی بە تەواوی یەکبگرنەوە و هێزی پێشمەرگە لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە یەکبخرێن**

**گرنگە یاسای وەبەرهێنان هەموار بکرێتەوە و کۆمەڵێک مەرج بۆ وبەرهێنان دابنرێت، بەتایبەتی لە بواری دۆزینەوەی هەلی کار کە گرنگە بەپێی یاسای وەبەرهێنان ٥٠٪ی هێزی کاری پرۆژەکان بۆ هاووڵاتیانی خەڵکی کوردستان بێت**

**زەمینەی سەرهەڵدانەوەی داعش وەک خۆی ماوەتەوە، ئێستاش لە تەواوی ناوچەکانی عەرەبی سوننە لە رومادی و تکریت و موسڵ، هەموویان کێشەی سیاسییان هەیە و حکومەتی عێراق هیچ چارەسەرێکی بۆ نەدۆزیوەتەوە**

**حکومەتی عێراق عەرەبی سوننەی پەراوێز خستووە، بۆیە مادام چارەسەرنەکردنی کێشەکان زەمینە کۆنەکەی وەک خۆی هێشتۆتەوە، ئەوا هیچ سەیر نییە ئەگەر رێکخراوێکی تیرۆریستیی وەک داعش، یان هاوشێوەی داعش و بە ناوێکی دیکە دیسان سەرهەڵبداتەوە**

حکومەت و پێیەکیان لە ئۆپۆزسیۆن بوو، بە راستی حکومەتێکی بەهێز دەبێت، لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، پشتیوانیی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی خاڵێکی بەهێزی دیکەی ئەم حکومەتە دەبێت و سەقامگیرییەکی سیاسییش دێنێتە ئاراوە، کە بۆ سەرکەوتنی حکومەت خاڵێکی هێجگار گرنگە.

ئەوجا ئەگەر بەم شێوەیە حکومەتەکە پێکبهێنرێت، ئەوا گرنگە دەسەڵات لە دەست حزبەوە بگۆڕێت بۆ دەسەڵاتێکی نیشتمانی و هەر دوو ئیدارەی پارتی و یەکێتی بە تەواوی یەکبگرنەوە و هێزی پێشمەرگە لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە یەکبخرێن، هەروەها پرسی باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان و دۆزینەوەی هەلی کار وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، دەبێت ئەولەوییەتی کاری ئەم حکومەتە بێت، هەروەها گرنگە یاسای وەبەرهێنان هەموار بکرێتەوە و کۆمەڵێك مەرج بۆ وبەرهێنان دابنرێت، بەتایبەتی لەبواری دۆزینەوەی هەلی کار کە گرنگە بەپێی یاسای وەبەرهێنان ٥٠٪ی هێزی کاری پرۆژەکان بۆ هاووڵاتیانی خەڵکی کوردستان بێت، لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانیش لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی، ئاشکرایە کێشەکان بریتین لە (جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور، کێشەی پێشمەرگە، یاسای نەوت و گاز، پشکی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی) بۆیە بۆ ئەم پرسانە دەبێت حکومەتی داهاتوو بەرنامەی خۆی هەبێت و لەگەڵ دەستبەکاربوونی بەرنامەی خۆی جێبەجێ بکات.

*** ئاماژەت بە پێداگری و پابەندبوون بە رێککەوتنەکانەوە کرد بۆ ئەوەی سەقامگیریی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دروست بێت، ئایا نەبوونی گوتارێکی یەکگرتووی سیاسی لەلایەن یەکێتیی نیشتمانییەوە، نابیتە مەترسی بۆ جێبەجێنەکردنی رێککەوتنەکان و دروستبوونی ناسەقامگیریی سیاسی لە کوردستاندا؟**

- ئێمە پێشتریش حکومەتی هاوپەیمانیمان هەبووە، ئەوکات پێنج لایەن بوون، دواتریش لایەنەکان بە رێککەوتنەکانیان پابەند نەبوون، لەلایەك لە حکومەتدا بەشدار بوون، لەلایەکی دیکەوە ئۆپۆزسیۆن بوون، سەبارەت بە گوتاری یەکگرتووش، من ئاماژەم بە یەکگرتنەوەی ئیداری کرد بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتی حزبەوە بگۆڕدرێت بۆ دەسەڵاتێکی دامەزراوەیی نیشتمانی، لە دوای هەڵبژاردنی کاك نێچیرڤان بارزانی باس لەوە دەکرێت سەرۆکایەتیی هەرێم بکرێتە دامەزراوەیەکی نیشتمانی، من دەڵێم ئەمە باشە، بەڵام نەك تەنیا دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم، بەڵکو تەواوی دامەزراوەکانی هەرێم بکرێنە نیشتمانی، هەر بۆیە بوونی دەسەڵاتی حزب بەسەر دەسەڵاتی دامەزراوەکانەوە هەمووی جێگەی هەڕەشە و مەترسییە، هەر بۆ نموونە بەم دواییە ئەو جیاوازییەی لەنێوان پارتی و یەکێتی لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم هاتەئاراوە، بینینمان هەندێك لە سەرکردەکانی یەکێتی هەڕەشەی دووئیدارەییان دەکرد، بۆیە ئەگەر ئەم دەسەڵاتە نەبێتە دەسەڵاتێکی نیشتمانی، ئەوا هەر جیاوازییەك، یان کێشەیەك بێتەئاراوە، هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی خاکی هەرێمی کوردستان دروست دەکات. دیارە ئەمە لایەنێکی نەرێنی پرسەکەیە، بەڵام خوازیارم هەموومان بە ئەرێنی و گەشبینییەوە سەیری ئایندە بکەین و ئومێدەوارین پارتی و یەکێتی رێککەوتنی نێوان خۆیان جێبەجێ بکەن و هاوکار و هەماهەنگی یەکتری بن، بۆ ئەوەی بتوانن خزمەتێکی باشی خەڵکی کوردستان بکەن.

*** سەبارەت بە رەوشی عێراق و ئەگەرەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش، سەرۆك مسعود بارزانی لە گوتارەکەیدا بە بۆنەی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، هۆشداری ئەوەی دا، کە داعش و هاوبیرانی داعش خەریکی خۆڕیکخستنەون و ئەگەر وریا نەبین، کارەساتی هاوشێوەی ساڵی ٢٠١٤ دووبارە دەبێتەوە، ئایا ئەم هۆشدارییەی سەرۆك بارزانی چی لێ دەخوێندرێتەوە؟**

- ئاشکرایە سەرۆك بارزانی لەدوای ئازادکردنەوەی موسڵیش لە ٢٠١٦ ئەم هۆشدارییەی بە عێراق و ئەمریکییەکانیش راگەیاند و، راشکاوانە گوتی: ئێمە رێککەوتنێکی سەربازیمان ئیمزا کردووە، مانای ئەوە نییە ئەگەر داعشمان لە رووی سەربازییەوە تێکشکاند، ئیدی لە رووی هزر و بیریشەوە کۆتاییمان بە داعش هێناوە، ئەمەش

لەبەر ئەوەی هۆکاری سەرهەڵدانی داعش ئەو کێشە سیاسییانەیە کە زەمینەی سەرهەڵدانی داعشیان دروست کردبوو، ئێستاش ئەو کێشە سیاسییانە هیچیان چارەسەر نەکراون، بۆیە زەمینەی سەرهەڵدانەوەی داعش وەك خۆی ماوەتەوە، ئێستاش لە تەواوی ناوچەکانی عەرەبی سوننە لە رومادی و تکریت و موسڵ، هەموویان کێشەی سیاسییان هەیە و حکومەتی عێراق هیچ چارەسەرێکی بۆ نەدۆزیوەتەوە، هەروەها لە رووی بەشداریکردنی سیاسیشەوە حکومەتی عێراق عەرەبی سوننەی پەراوێز خستووە، بۆیە مادام چارەسەرنەکردنی کێشەکان زەمینە کۆنەکەی وەك خۆی هێشتۆتەوە، ئەوا هیچ سەیر نییە ئەگەر رێکخراوێکی تیرۆریستیی وەك داعش، یان هاوشێوەی داعش و بە ناوێکی دیکە دیسان سەرهەڵبداتەوە. ئەم ترسە بەردەوام دەبێت، هەتا حکومەتی عێراق پرۆژەیەکی سیاسی بۆ چارەسەکردنی ئەو کێشانە ئامادە دەکات، بەڵام نە حکومەتەکانی پێش د.عادل عەبدولمەهدی و نە حکومەتی ئێستای هیچ پرۆژەیەکی سیاسییان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق بەگشتی و کێشەی ناوچەکانی عەرەبی سوننە بەتایبەتی پێ نییە، هەر بۆ نموونە حکومەتی فیدراڵ پرۆژەیەکی سیاسیی نییە کە چەند هەرێمێك، یان لە چوارچێوەی مافی ئۆتۆنۆمی کێشەی ناوچەکانی عەرەبی سوننە چارەسەر بکات، بەپێچەوانەوە حکومەتی فیدراڵی خۆی دژی یاسای دروستکردنی هەرێمەکانە کە پەرلەمانی عێراق پەسەندی کردووە، بۆیە تا کێشە سیاسییەکان چارەسەر نەکرێن، مەترسیی سەرهەڵدانەوەی داعش و هاوشێوەکانی کۆتایی نایەت و ئەمە چەندین جاریشە سەرۆك مسعود بارزانی بە هۆشداریی پێشوەختە ئاگاداری کردوونەتەوە.

*** هەر سەبارەت بە چارەسەری سیاسییانەی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، مەزندەی ئەوە دەکرێت دوای پێکهێنانی حکومەتی تازە، پرۆسەی دانوستاندن بۆ کێشەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا دەست پێبکاتەوە، ئایا تاچەند حکومەتی داهاتوو دەتوانێت چارەسەری ئەم کێشانە بباتە پێشەوە؟**

- کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، هەر لە سەرەتای دروستبوونەوەی دەوڵەتی عێراق لە ٢٠٠٣وە بوونیان هەیە، کێشەکان چەند کێشەی سەرەکین، وەك: (ماددەی ١٤٠، پێشمەرگە، بەشە داهاتی کوردستان لە بودجەی عێراق) بۆچوونی من بەو جۆرەیە کە لەگەڵ حکومەتی ئێستای د.عادل عەبدولمەهدی فرسەت هەیە کە چەند هەنگاوێك چارەسەری کێشەکانی بچنە پێشەوە، بەڵام لەسەر پرسی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان، هەست ناکەم هیچ هێز و لایەنێکی سیاسیی عەرەبی نییەتی پاکیان بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددە دەستوورییە هەبێت، وەك ئەوەی لە دەستوورەکەدا هاتووە، ئەوکات کە لە ناو حکومەتی فیدراڵ وەزیر بووین، هەر بڕیارێك لەلایەن (لیژنەی کاروباری باکووری سەردەمی بەعس) سەبارەت بەو ناوچانە دەرکرابوو، ئێمە هەموومان رەتکردەوە و نەمانهێشت، بەڵام لە باری واقیعدا و بۆ جێبەجێکردنی ئەو رەتکردنەوەیە، بینمان ئەوان مانۆڕ لەگەڵ واقیعەکە دەکەن و بڕوبیانوو بۆ جێبەجێکردنی دەدۆزنەوە، بەڵام ئەمەش مانای ئەوەنییە کە ئێمە دەبێت بێدەنگ بین، بەڵکو دەبێت ئێمە وەك هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بچینە ناو پرۆسەیەکی دانوستاندنی جددییەوە، راستە رێککەوتن ئاسان نییە، بەڵام هەر دەبێت هەوڵی خۆمان بدەین، لە ئێستادا لەگەڵ حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدی ئومێدی ئەوە هەیە کە بتواندرێت چەند هەنگاوێك لەسەر چارەسەرکردنی هەندێك لە کێشەکان بچینە پێشەوە، بەڵام سەبارەت بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بە قەناعەتی من لەگەڵ حکومەتی ئێستای عێراقیشدا، بەتایبەتی کە حکومەت لە چەند هێزێکی سیاسی پێکهاتووە، هیچ کام لەو هێزە سیاسییانە بۆچوونیان لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ باش نییە، بەڵام ئێمە ناچارین و هەر دەبێت ئەو دانوستاندانە بکەین، گرنگە بە یەکریزی و یەکهەڵوێستی بچینە ناو دانوستانەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی، ئەگەر بەو شێوەیە بچین لەوانەیە بتوانین لەگەڵ حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی چەند هەنگاوێك بچینە پێشەوە.

**حکومەتی فیدراڵ پرۆژەیەکی سیاسیی نییە کە چەند هەرێمێك، یان لە چوارچێوەی مافی ئۆتۆنۆمی کێشەی ناوچەکانی عەرەبی سوننە چارەسەر بکات، بەپێچەوانەوە حکومەتی فیدراڵی خۆی دژی یاسای دروستکردنی هەرێمەکانە کە پەرلەمانی عێراق پەسەندی کردووە**

**لەسەر پرسی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان، هەست ناکەم هیچ هێز و لایەنێکی سیاسیی عەرەبی نییەتی پاکیان بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددە دەستوورییە هەبێت**

**ئەگەر تەواوی هێز و لایەنەکانی کوردستان بە یەکریزی و یەکهەڵوێستی پرۆژەیەکی تێروتەسەلیان بۆ دانوستاندن لەسەر پرسی کەرکووک لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی پێ نەبێت، ئەوا ناتوانن لە پرۆسەی دانوستاندنەکاندا سەرکەتوو بن**

# دوو سەرۆکایەتیی بەهێز لە ناوچەیەکی شڵەژاودا

**جەنابی سەرۆک بارزانی وەک یەکەم سەرۆکی هەرێم و کەسایەتییێکی کاریزما و خاوەن ئەزموونێکی قووڵی سیاسی هەرێمی کوردستانی لە چەندین قۆناخی سەخت و دژوار تێپەڕاندووە**

دوابەدوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە (٣٠)ی ئەیلولی ساڵی رابردوو و سەرکەوتنی ئەو پرۆسە دیموکراسییە و بەدەستهێنانی (٤٥) کورسیی پەرلەمانی لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان وەك براوەی هەڵبژاردن و وەك پارتێك کە بە ژمارەیەکی بەرچاو لە پێش هەموو پارتەکانی دیکەی بەشداربووی هەڵبژاردن بووەوە بە شێوەیەکی یاسایی و وەك عورفی سیاسی پێکهێنانی حکومەت و پڕکردنەوەی جومگە سەرەکییەکانی حکومەت مافی پارتی براوەی هەڵبژاردنەکانە، ئەویش بە بەدەستهێنانی (نیوە+١)ی کورسیی پەرلەمانی و لەو کاتەشی کە نەتوانێت ئەم رێژەیە بەدەست بێنێت، ئەو مافەی پێدەدرێت بە تەوافوق لەگەڵ فراکسیۆنێکی دیکەی پەرلەمانی ئەم رێژەیە بەدەست بخات، بۆ دەنگدان و تەواوکردنی رێکارەکانی دیکەی دەنگدان بە سەرۆك و کابینەی حکومەت.

هەر لە دوای راگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان پارتی براوە لە پێناو کوردستانێکی سەقامگیر و بەهێز و ئارام لە ناوچەیەکی شڵۆق و شڵەژاو، دەیتوانی لەگەڵ لایەنێکی دیکەی براوە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی رێککەوتن بکات و بە ماوەیەکی کەمتر و بێ چاوەڕوانییەکی زۆر دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت پێکبێنێت، بەڵام بیری لەوە نەکردەوە و هەوڵی جددی دا بۆ ئەوەی هەردوو پارتەکەی دیکە (بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بێنێتە نێو گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەت و ئەمە جگە لەوەی کە دانوستاندنی لەگەڵ پارتەکانی دیکەش هەبوو، سەرەڕای ئەوەی کە هەندێك لە پارتە خاوەن کورسیی پەرلەمانی هەر لە سەرەتاوە خۆیان یەکلاکردەوە کە بەشداری پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان نابن.

لە دوای رووداوە لەبیر نەکراوەکەی (١٦)ی ئۆکتۆبەر و رادەستکردنی کەرکووك لە لایەن هەندێك کەسی بیرکورتی ناسیاسیی نێو حزبێکی سیاسی، گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بەرەو بێ متمانەیی رۆیشت و بووە هۆی ئەوەی کە نێومالّی کورد بە جۆرێك لە جۆرەکان تووشی لێکترازان و ناسەقامگیری بێت.

هەر بۆیەش وەك بینیمان دانوستاندنەکان ماوەیەکی زۆری خایاند. بزووتنەوەی گۆڕان عاقڵانە هەنگاوی نا بۆ دووبارە هاتنەنێو گۆڕەپانی سیاسی و بڕیاری دا کە بەشدار بێت لە پێکهێنانی کابینەی نۆیەم و لاپەڕەی نوێی هەڵدایەوە لە مامەڵەکردنی سیاسییانە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرەڕای دڵ لێك ئێشانی زۆر، ئەمە هەنگاوێکی گرنك بوو لە نێوان هەر دوو حزبی خاوەن کورسیی پەرلەمانی و سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ دووبارە متمانە



**نەدا مێرگەسۆری**

پەرلەمانتاری خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

بۆ گوڵان نووسیویەتی

پێککردن کە هاوکێشە سیاسییەکانیش هەر ئەم جۆرە بیرکردنەوانە دەخوازێت بۆ بەردەوامی لە کاری سیاسی.

بەڵام مخابن بینیمان یەکێتیی نیشتمانی کوردستان چۆن چۆنی بووە هۆی ئەوەی گرفت و تەنگژە دروست بکات لەبەردەم پێکهێنانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و تا ئێستاشی لەگەڵ بێت بە هۆی کێشە ناوخۆیی و (چەند سەربوونیان) نەیانتوانیوە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بۆ پاشکەوتکراویان پڕبکەنەوە.

ئەمە جگەلەوەی کە بوونە هۆی ئەوەی کە دانوستان و ڕێککەوتن هیچ مانایەکی نەمێنێت، بەتایبەت دوای ڕێزنەگرتن لە واژووی خۆیان و جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنی (٥)ی مایسی (٢٠١٩)ی نێوان خۆیان و پارتی دیموکراتی کوردستان کە بە واژووی هەردوو بەڕێزان (کۆسرەت رەسوڵ) جێگری سکرتێری یەکێتیی نیشتمانی و (نێچیرڤان بارزانی) جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، کە تیایدا وردەکاریی کارو بەرپرسیارییەتی هاوبەش و پشکەکانی یەکێتی لە کابینەی نۆیەم و دامەزراوە یاساییەکان دیاری کرابوون.

بەڵام بەداخەوە بینیمان چۆن لە بەڵێنەکانیان پاشگەز بوونەوەو لە ڕێککەوتی (٢٨)ی مایسی(٢٠١٩) و لە کاتی دەنگدان بە سەرۆکی نوێی هەرێم، فراکسیۆنەکەیان بە بێ ئاگاداری پێشوەختە و بە بێ هۆکاری موقنعکەر نەچوونە نێو هۆڵی دانیشتن و لە کۆتاییشدا دەنگیان بە دەستنیشانکردنی سەرۆکی نوێی هەرێم نەدا.

هەرچەند چوون و نەچوونی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانی لە ڕووی یاساییەوە هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت و ڕێکارەکانی دەنگدان و دانیشتنەکە یاسایی بوو، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەو ڕێزنەگرتنەی واژووەکەی جێگری سکرتێری حزبەکەیان و بێ متمانەکردنی خۆیانە دوای ڕێککەوتنی دوولایەنە.

گەورەیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، لە مەراسیمی سوێندخواردنی لە (١٠)ی حوزەیرانی (٢٠١٩) لەوەدا بوو کە جگە لە دەنگدەران، سوپاسی هەموو ئەوانەشی کرد کە دەنگیان پێ نەدابوو، ئەوانەشی کە نەچووبوونە هۆڵی دانیشتن، بە ڕێکارێکی جوانی دیموکراسی ناوی هێنا. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە سەرۆکی نوێ کە وەك خۆیشی ئاماژەی پێداوە، چەتری کۆکردنەوەی هەموو دەنگ و ڕەنگەکان دەبێت.

پشوودرێژیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئامرازی سەرکەوتن بوو لە پێناو یەکریزی و سازان و یەکدەنگی ناوخۆیی و لە دوماهیشدا بووە هۆی کردنەوەی گرێیەکان. هەموویشی هەر لە پێناو سازان و ڕێککەوتن و سەقامگیری

**لە دوای ڕووداوە لەبیر نەکراوەکەی (١٦)ی ئۆکتۆبەر و رادەستکردنی کەرکووک لە لایەن هەندێک کەسی بیرکورتی ناسیاسیی نێو حزبێکی سیاسی، گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بەرەو بێ متمانەیی ڕۆیشت و بووە هۆی ئەوەی کە نێوماڵی کورد بە جۆرێک لە جۆرەکان تووشی لێکترازان و ناسەقامگیری بێت.**

**بزووتنەوەی گۆڕان عاقڵانە هەنگاوی نا بۆ دووبارە هاتنەنێو گۆڕەپانی سیاسی و بڕیاری دا کە بەشدار بێت لە پێکهێنانی کابینەی نۆیەم و لاپەڕەی نوێی هەڵدایەوە لە مامەڵەکردنی سیاسییانە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان**

**گەورەیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، لە مەراسیمی سوێندخواردنی لە (١٠)ی حوزەیرانی (٢٠١٩) لەوەدا بوو کە جگە لە دەنگدەران، سوپاسی هەموو ئەوانەشی کرد کە دەنگیان پێ نەدابوو، ئەوانەشی کە نەچووبوونە هۆڵی دانیشتن، بە ڕێکارێکی جوانی دیموکراسی ناوی هێنا**

**هاووڵاتیان ئومێدی زۆریان بە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمە و گرنگ هەیە کە یەکێک لە ئەولەوییەتە سەرەکییەکانی کابینەکە بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی و جێگرکردنی چاکسازی و عەدالەتی ئیداری بێت لە جومگەکانی بەڕێوەبردن**

بوو، کە دەستنیشانکردنی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان لە کاتێکی درەنگ و لە (١٨)ی شوباتی (٢٠١٩) ئەنجام درا، واتە دوای نزیکەی سێ مانگ لە یەکەم دانیشتنی سوێندخواردنی ئەندامانی پەرلەمان بە سەرۆکایەتی سەرۆکی بەتەمەن، کە لە ڕێکەوتی (٦)ی (١١)ی (٢٠١٨) بەڕێوەچوو.

بێگومان دوای پەسەندکردنی پێشنیاری یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کە بە دەنگی (٨٩) پەرلەمانتار ئەنجام درا و دوابەدوای ئەویش ڕێکاری دەستنیشانکردنی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەرۆکی هەرێم دەست پێکراو و لە ڕێکەوتی (٢٨)ی (٥)ی (٢٠١٩) لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بە دەنگی (٦١) پەرلەمانتار لە کۆی (٨١) پەرلەمانتار بوو بە سەرۆکی چوار ساڵی ئایندەی هەرێمی کوردستان.

لە هەفتەی ڕابردوو دوو ڕووداوی گرنگ ڕوویان دا، یەکەمی سوێندخواردنی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بوو بۆ سەرۆکی هەرێمی چوار ساڵی داهاتوو کە لە مەراسیمێکی شایستە و بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاوی کەسایەتی و دیپلۆماتی بیانی و ناوخۆیی و لە کەشێکی ئارام و یەکڕیزی نیشتمانی بەڕێوەچوو. ڕووداوی دووەمیش ناوزەدکردنی بەڕێز مسرور بارزانی بوو بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن فراکسیۆنی پارتییەوە لە پەرلەمانی کوردستان کە لە ڕێکەوتی (١١)ی (٦)ی (٢٠١٩) و بە دەنگی (٨٧) پەرلەمانتار و بە ئامادەبوونی (٩٧) پەرلەمانتار دەنگی پێدراو ڕۆژی پاشتریش بە مەرسومی هەرێمی و لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە ڕاسپێردرا بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ.

ئەم دوو ڕووداوە گرنگە و سەرۆکایەتیکردنی هەر دوو (بارزانی) لە دوو سەرۆکایەتی گرنگیی دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەنگاوێکی مێژوویی و هەژی دەبێت بۆ سەقامگیرکردن و بەهێزکردنی هەرێمی کوردستان لە ناوچەیەکی شڵەژاو کە لەسەر ئاستی ناوخۆیی (چ کوردستانی و چ عێراقی) و هەرێمی و نێودەوڵەتی ڕووبەڕووی چالنجی جۆراوجۆر بۆتەوە و بێگومانیش لەو تەنگرە سیاسییەی لە ناوچەکە هەیە، بمانەوێت و نەمانەوێت ڕووبەڕووی پرس و چالنجی نوێش دەبێتەوە.

جەنابی سەرۆك بارزانی وەك یەکەم سەرۆکی هەرێم و کەسایەتییێکی کاریزما و خاوەن ئەزموونێکی قووڵی سیاسی هەر لە دوای (٢٠٠٣)وە و دوای ڕووخانی ڕژێمی ڕووخاوی بەعس، هەرێمی کوردستانی لە چەندین قۆناخی سەخت و دژوار تێپەڕاند کە دوو لە دوایینی، پاراستنی کیانی هەرێمی کوردستان و هێزدانەوە بوو بەو کیانە دەستوورییە کە نەیار و ناحەزان هەرگیز چاویان بە ئارامی و ئاوەدانی و ئاسایشەکەی هەڵنایەت.

بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی (١٦)ی ئۆکتۆبەر و ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، سەردانە مێژووییەکەی جەنابی سەرۆك بوو کە بووە هۆی چارەسەرکردنی کێشەی بووجەی بڕاوی هەرێم لەلایەن هەر دوو سەرۆك وەزیرانی عێراق (عەبادی) و (مالیکی) بە بڕیارێکی سیاسیی نادەستووری.

دووەمیشیان پاراستی خاك و خەڵکی هەرێمی کوردستان بوو لە هێزی تیرۆریستی داعش کە جەنابیان خۆیان لە چەپەری پێشەوەی بەرگری بوون لە تەك پێشمەرگە خۆڕاگرەکان و بە یارمەتیی هێزی هاوپەیمانان توانییان هەرێم و عێراق و ناوچەکە و جیهانیش لە مەترسیی دڕندانەی داعش بپارێزن. هەر بۆیەشە بەڕێزیان وەك مەرجەعی باڵای کوردستانییان لەهەرچوار پارچەی کوردستانی مەزن دەمێننەوەو ئومێدی هەرتاکێکی کوردستانییە بۆ بەسەربەرزی مانەوەی گەلی کوردستان و پاڵپشتی هەر دوو سەرۆکە گەنجەکە دەبێت.

ئەم هەرێمەی ئێمە بە بوونی دوو کارەکتەری گرنگ و بەهێز لە هەرەمی دەسەڵات و بە یەکڕیزی و یەکدەنگی لایەنەکان دەکرێت لەو کولان و تەنگژەیەی ناوچەکەی پێیدا تێپەڕدەبێت بە زۆرترین دەستکەوت لێی بیتە دەرەوە. دۆخی ناوچەکە ئاڵۆزە و هەموو لایەنەکان دەبێت بە هەستێکی بەرپرسانە لەم قوناخەدا کار بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.



ڕێکخستنەوەی ناوخۆی کوردستان پێویستییەکی گرنگە، چارەسەرکردنی گرفتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و چارەسەرکردنی بە گوێرەی دەستوور ئەوە دەخوازێت کە بە ئاشتییانە و بە هەماهەنگی لەگەڵ هەموو پێکهاتەکان بگەنە خاڵی چارەسەرکردن.

لە پێناو هەرێمێکی بەهێز و لە تەك ئابوورییەکی سەربەخۆ و بەهێز، بەهێزکردن و ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و چەسپاندنی مافە دەستوورییەکانی وەك بەشێك لە سیستەمی بەرگریی عێراق ڕێکاری پێویستن کە دەبێت هەنگاوی جددی بۆ بهاوێژرێت، بۆ ئەوەی ڕووداوی وەك (١٦)ی ئۆکتۆبەر دووبارە نەبنەوە.

پەیامی ناوخۆیی دەبێت یەك ڕەنگ و کۆك و تەبا بێت لە پێناو هێنانەدی ئایندەیەکی هاوبەش و هێنانەدی ئاواتی لەمێژینە و پیرۆزی هەموومان. ئەمە جگە لەوەی کە پێویستە بە هەموو جۆرێکەوە بەرەنگاری ئەو ئافەتە ببینەوە کە پێی دەڵێن: «گەندەڵی» کە مخابن بە مەبەست و بێ مەبەست هەموو جومگەکانی حوکمڕانی گرتۆتەوە. هاووڵاتیان ئومێدی زۆریان بە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمە و گرنگ هەیە کە یەکێك لە ئەولەوییەتە سەرەکییەکانی کابینەکە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و جێگرکردنی چاکسازی و عەدالەتی ئیداری بێت لە جومگەکانی بەڕێوەبردن.

بەڕێز سەرۆکی حکومەتی ڕاسپێردراو بە هۆی ئەو پێگەو پۆستەی پێشووتر هەیانبووە، سەلماندوویەتی کە دەتوانێت وەك کەسێکی خاوەن ئەزموون، بڕیاری بوێرانە بدات، بەڵام نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت کە پێویستە هەموو ئەو پارتە سیاسییانەی لە کابینەکە بەشدارن، بە پراکتیك پاڵپشتی سەرخستنی کابینەکە بن، بەتایبەت لە بابەتی بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی و هەوڵدان بۆ بەردەوامیدان لە سەرخستنی پرۆسەی چاکسازی کە لە کابینەکەی پێشووتر هەنگاوی بۆ نرا. بابەتی چاکسازی پێویستە لە قاڵبی دروشمی بریقەدار بێتە دەرەوە و بەشێوەیەکی جددیتر و بە پراکتیك کاری تۆکمە و توندوتۆڵی بۆ بکرێت.

# پێکهێنانی سەرۆکایەتیی هەرێم و کابینەی نوێی حکومەت و چارەسەری کێشەی کەرکووک

پێگەی سیاسی و بووژاندنەوەی ئابووری دوو فاکتەری گرنگن بۆ بەرەوپێشبردنی هەرێمی کوردستان هاوشانی بوونی مەرجەعییەتێکی دانای سیاسیی بەڕێز مسعود بارزانی و نزیکبوونەوەی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی لە هەرێم، بەشێوەیەك پەیوەندییەکە هاوتەریب بووە لەنێوان هەرێم و ناوەند، شارەزایی و ئەزموونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە بەڕێوەبردن و دیپلۆماسییەتی جیهانی دەبێتە هۆی هێنانەکایەی پەیوەندیی بەهێزی دەرەکی و ناوخۆیی، لە هەمان کاتدا شارەزایی ئابووریی بەڕێز نێچیرڤان ئابووریی هەرێم دەبووژێنێتەوە، بەڵام حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتیی بەڕێز مسرور بارزانی دەبێتە حکومەتێکی بەهێز کە لەوەتەی ساڵی ١٩٩٢ هەرێمی کوردستان بەخۆیەوە نەدیوە. بەڕێزیان خاوەن شارەزاییەکی زۆرە لە بەڕێوەبردنی دۆسیێی ئەمنی لە هەرێم لە سەختترین هەلومەرج کە عێراق پێیدا تێپەڕیوە لەوەتەی پەیدابوونی قاعیدە لە عێراق دوای ساڵی ٢٠٠٣ و دواتر شەڕی تایفەگەریی عێراق و دواترینیش داگیرکردنی رووبەرێکی فراوانی خاکی عێراق لەلایەن رێکخراوی تیرۆریستیی داعش بوو.

تواناو کارامەیی بەڕێز مسرور بارزانی لە گرتنەدەستی دۆسیێی ئەمنی لە هەرێمی کوردستان وایکردووە کە هەرێم ببێتە پەناگەیەکی ئەمنی لە عێراق کە نموونەیەکە لە سەقامگیری و دڵنەوایی، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بۆتە دەستکەوتێکی گەورە بۆ بەڕێز مسرور بارزانی لەپاڵ بوونی پەیوەندیی بەهێز لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەکی کە ئابووریی کوردستان زیاتر بەرەوپێش دەبات، بۆیە بۆ پێشەوە لەپێناو بنیاتنانی ئایندەیەکی گەش بۆ هەرێمی کوردستان و لەم سۆنگەیەشەوە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك ئەستەم نییە بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووك و دوورخستنەوەی دیاردەی چەکداری لەو شارە، بۆیە بڵاوەپێکردنی سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە لە ناوچە کێشەلەسەرەکان و لەوانەش کەرکووك تاکە رێگەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هاوکات هاتنەدەرەوەی هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵ و حەشدی شەعبی و حەشدی عەشایری لە کەرکووك دیسان تاکە رێگایە بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە، لەو حاڵەتەدا واتا ئێمە توانیمان هەنگاوی یەکەم لە بەندەکانی ماددەی (١٤٠)ی دەستوور جێبەجێ بکەین، چونکە ئێمە چاومان لە دەستی حکومەتی تازەی هەرێمی کوردستانە کە هەنگاو بنێت لەپێناو چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ، کە سەرەتا لە ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکەوە دەست پێدەکات لەگشت ناوچە کێشەلەسەرەکانەوە، بگرە هەر خانەقینەوە تا شنگال، هەروەها دۆسیێی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووك لە رێی هەرێمی کوردستانەوە. کورکووك پێویستی بەوەیە لە خەڵکی لایدەو بیانی پاکبکرێتەوە، کە دوای رووداوەکانی (١٦)ی ئۆکتۆبەرەوە ئەو خاکەیان پیس کردووە.

**بڵاوەپێکردنی سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە لە ناوچە کێشەلەسەرەکان و لەوانەش کەرکووك تاکە رێگەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان**

ئەو ناوچانە بەدەست فەرامۆشکردن و پەراوێزکردن و گەندەڵی و بڵاوبوونەوەی تاوان و ماددە هۆشبەرەکانەوە دەناڵێنن، ئەو میلیشیایانە بوونەتە هۆکاری بڵاوبوونەوەی بەدڕەوشتی و کاری نابەجێ و گواستنەوەی ئەزموونی پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوور بۆ کەرکووك، ئەمەش دۆسیێیەکە لە دۆسیێی تیرۆر مەترسیدارترە، هاوکات لەئێستادا کەرکووك بۆتە مۆڵگەی تیرۆر، هۆکارەکەشی بە ئەنقەستە لەلایەن ئەو لایەنە پەیوەندیدارانەی دۆسیێی ئەمنییان لەدەستدایە کە دەیانەوێت هەمیشە ئاشووب و بێسەروبەری بەردەوام بێت، وەك پاساوێك لەپێناو مانەوەی زیاتری هێزی ئیتحادی لە کەرکووك، گوایە بۆ پاراستنی باری



# شێخ ریاز محەمەد دانوک ئەلعوبەیدی

ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەمنیی شارەکەیە، بەڵام لە رووی خزمەتگوزارییەکانەوە ئەوا کەرکووك زۆر پشتگوێ خراوە و زبڵ و خاشاکێکی زۆر گەڕەك و شەقامەکانی ئەو شارەی داپۆشیوە، بۆیە بەرپرسیارێتیی مۆرال وامان لێدەکات کە پارێزگاری لە ناسنامەی کوردستانیی ئەم شارە بکەین، ئەویش بە بەهێزکردنی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان هەموو پێکهاتەکان، چارەسەریش ئەوە نییە کە لە کۆبوونەوەی ئەم دواییەی بەغدا باسکرا، کاتێ راکان جبووری پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووك داوای لە ئەنجومەنی وەزیران کرد، دەسەڵاتی پێ بدات پرۆژەکانی ٢٠١٩ جێبەجێ بکات، بێ ئەوەی رەزامەندیی ئەنجومەنی پارێزگا وەربگرێت، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران داواکەی پارێزگاری کەرکووکی رەتکردەوە و بەڕێز عادل عەبدولمەهدی داوای لە دکتۆر فوئاد حوسێن وەزیری دارایی کرد، ئەندامانی ئەنجومەن ئەوانەی لە هەولێرن قایل بکات بچنە بەغدا و کۆبوونەوەی فەرمی لە سەعات دەونیوی سەرلەبەیانیی رۆژی چوارشەممەی داهاتوو بە سەرۆکایەتیی بەتەمەنترین ئەندام سازبکەن.

خاڵە نەرێنییەکانی ئەم کۆبوونەوەیە ئەمانەن:

١. دانی شەرعییەتی یاسایی بە بەڕێز جەمال باپیر کە بەشێوەیەکی فەرمی کاری خۆی بەڕێوەببات، ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ دەستوور، چونکە بەتەمەنترین ئەندام لەسەرەتای پێکهێنانی ئەنجومەن و بۆ یەك جار سەرۆکایەتیی ئەنجومەنەکە دەکات.

٢. ئەم رێکارە هاندەرە بۆ شەرعییەتدان بە گەندەڵی، لە هەمان کاتیشدا هاندانی گەندەڵکاران بۆ بەهەدەردانی زیاتری سامانی گشتی.

٣. لە حاڵەتی ئەنجامدانی کۆبوونەوەکە ئێمەی ئەندامانی ئەنجومەن بە شاهیدی ناشەرعی دادەنرێین و شەرعییەتیش بە گەندەڵی دەدەین.

٤. ئێمە لەو حاڵەتەدا دەبینە شەریك لە تاوانی بەتاڵانبردنی سامانی گشتی.

٥. دەستەبەریی سیاسی چییە بۆ ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

أ- چۆڵکردنی بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

ب- ئاساییکردنەوەی بارودۆخ لە کەرکووك و دوورخستنەوەی دیاردەی چەکداری و گەڕانەوەی بارودۆخەکە بۆ پێش ٢٠١٧/١٠/١٦.

ت- دەستەبەری سەلامەتیی گەڕانەوەی گرووپی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا بۆ کەرکووك.

ج- گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ سنووری پێش شازدەی ئۆکتۆبەر.

ح- رادەستکردنی دۆسیێی ئەمنی بە پۆلیسی ئیتحادی.

خ- بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان لە تەنیشت ئاڵای عێراق.

د- گەڕانەوەی پشکی پارتی لە بەڕێوەبەری فەرمانگەکان بۆ شوێنی خۆیان لەپێش ١٠/١٦.

هـ- گەڕانەوەی ئاوارەکانی ناوچە کێشەلەسەرەکان لە خانەقینەوە تا شنگال.

و- قەرەبووکردنەوەی گشت زیان لێکەوتووانی ناوچە کێشە لەسەرەکان لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان.

ر- هێنانی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك لایەنێکی دەستەبەرکاری ئەم پرۆسە سیاسییەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ.

ز-رێگەگرتن لەو میدیا و کەناڵە ئاسمانییە چەواشەکارانە کە ئاراستەی هەرێمی کوردستان کراوە.

٦- بڵاوەپێکردنی سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە لە ناوچە کێشەلەسەرەکان و لەوانەش کەرکووك.

**شارەزایی و ئەزموونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە بەڕێوەبردن و دیپلۆماسییەتی جیهانی دەبێتە هۆی هێنانەکایەی پەیوەندیی بەهێزی دەرەکی و ناوخۆیی**

دیمانەی تایبەت



**جۆزێف ئۆلمەرت**

**تایبەتمەندی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:**

# دەکرێت ئەمریکا بەبێ شەڕیش ئامانجەکانی لە بەرامبەر ئێراندا بەدی بهێنێت

**جۆزێف ئۆلمەرت پرۆفیسۆری بواری سیاسەتی دەرەوەیە لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن، پێشتر پرۆفیسۆری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە زانکۆکانی تەل ئەبیب، هیبرو، بار ئیلان لە ئیسرائیل، هەروەها وانەبێژ بووە لە زانکۆکانی کۆرنێڵ، کۆلێژی ویلایەتی نیویۆرک لە ئەمریکا، زانکۆی یۆرك لە کەنەدا. جگە لە کاری وانەبێژی پرۆفیسۆر جۆزێف ئۆلمەرت چەند پۆستێکی باڵای هەبووە لە حکومەتی ئیسرائیلدا، وەك بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی حکومەتی ئیسحاق شامیر، ڕاوێژکاری سیاسیی وەزیری بەرگری مۆشێ دایان، هەروەها بەشداری کردووە لە چەند ئەرکێکی دیپلۆماسی لە جیهاندا، وەك بەشداریکردن لە کۆنفرانسی ئاشتی لە مەدرید لە ساڵی ١٩٩١ و گفتوگۆکانی ئاشتی دواتری نێوان سووریا و ئیسرائیل. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك مێژووی هاوچەرخی سووریا و لوبنان، کەمینەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تیرۆریزم، پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێران و سیاسەتی ئیسرائیل. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێکرد کە بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەست بوون بە پەرەسەندنەکانی بارگرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران و ئەگەرەکانی شەڕ و گفتوگۆ لە نێوان ئەم دوو وڵاتە و چەند پرس و بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی نێوان هەردوو وڵاتی ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەتایبەتی هەڵکشانی بارگرژییەکانی نێوان هەردوولا تاوەکو ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ و دواتر لێدوانەکانی تایبەت بە ئەگەری ئەنجامدانی گفتوگۆ لە نێوان هەردوو وڵاتدا، بوونە مایەی سەرقاڵکردنی زۆربەی چاودێران و حکومەت و گەلانی ناوچەکە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بە ڕاستی چی دەگوزەرێت و ئایا ئاراستەی پەرەسەندنەکان بە چ ئاقارێکدا دەڕۆن؟**

- ئەوەی دەتوانین لێرەدا ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە نزیکەوە کار لەگەڵ هەردوو وڵاتی عەرەبستانی سعودیە و ئیسرائیلدا دەکات، ئەم دوو وڵاتەش ئێران بە کێشەی سەرەکیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانن، واتە لە تێڕوانینی ئەواندا، ئێران سەرچاوەی سەرەکیی ڕوودانی بارگرژییەکان و تیرۆریزم و لە ئارادانەبوونی سەقامگیریی و ئارامییە. هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە کە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بڕیاری داوە کە ئەوپەڕی گوشار کە مومکین بێت بەسەر ئێراندا بسەپێنێت، ئەگەرچی مەرج نییە مومارەسەکردنی ئەو فشارانە بە ئامانجی ڕووخاندنی حکومەتی ئەو وڵاتە بێت، بەڵکو ئامانجەکە ئەوەیە کە ناچاریان بکات بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر مێزی گفتوگۆ لە کاتێکدا کە لە پێگەیەکی لاوازدا بێت. کەواتە ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە بڕیارێکی پێشوەختە نییە بۆ هەڵگیرسانی شەڕ، بەلای کەمەوە، هێشتا ئەم بڕیارە لە ئارادا نییە.

**ئەمریکا کارێکی ژیرانەی کردووە کە بژارەی سەربازی بە کراوەیی هێشتۆتەوە، واتە ئەگەری شەڕی ئەمریکا و ئێران لەئارادا ماوە، بەڵام هێشتا نەگەیشتووەتە دۆخێک کە شەڕ بەرپا بێت**

*** بەڵام هەر لەم ڕۆژانەی دواییدا سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە لێدوانێکیدا ئاماژەی بەوەکرد کە شەڕ لەگەڵ ئێراندا ئەگەرێکی کراوەیە،**

**بەڵام لە چەند لێدوانێکی دیکەیدا باس لەوە دەکات کە ئامانجەکە ئەوەیە کە ئێران نەبێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی و ئیدارەی ئەمریکاش ئامادەیە بە بێ مەرجی پێشوەختە گفتوگۆ لەگەڵ ئێراندا بکات، ئایا خوێندنەوەی ئێوە چییە بۆ ئەم ئاماژە دژ بە یەکانە، ئایا دەتوانین بە دڵنیاییەوە باس لە رەوینەوەی تارمایی شەڕ بکەین؟**

- لە راستیدا ئەگەری شەڕی ئەمریکا و ئێران لە ئارادا ماوە، بەڵام هێشتا ئێمە نەگەیشتووینەتە دۆخێك کە شەڕ بەرپا بێت. کەواتە ئەوەی پەیوەندی هەبێت بەم ساتەوەختەوە، ئەوا ئەمریکا قەناعەتی هەیە بەو فشارانەی کە مومارەسەیان دەکات و سەپاندوونی، بە شێوەیەکی سەرەکی گوشارە ئابوورییەکان، کە لەم رووەوە چاوەڕوانی پەرچەکردار و کاردانەوەی ئێرانییەکانیش دەکات. لەبەر ئەوەی دەبێت ئێرانییەکان زۆر بە وریاییەوە رەفتار بکەن، ئەوەی پەیوەندی بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشەوە هەبێت، ئەوا ئەمریکا کارێکی ژیرانەی کردووە کە بژارەی سەربازی بە کراوەیی هێشتۆتەوە.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوەکرد کە ئەمریکا هەرچی فشار و گوشارێك کە لەدەستی بێت لە بەرامبەر ئێراندا مومارەسەی دەکات، کە هەندێ لە چاودێران ئەم هەڵمەتی فشار و سزایانەی ئێران بە دیپلۆماسییەتی ناچارکردن ناودەبەن، بەڵام هەندێ لە رەخنەگرانیش پێیان وایە ئەوەی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ پیادەی دەکات، زیاتر ناچارکردنە نەك دیپلۆماسییەت، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- ئەوەی بەدی دەکرێت بریتییە لە شێوازێکی نوێی دیپلۆماسیەت، دیپلۆماسیەتی خۆزاڵکردن، کە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ هەوڵی پیادەکردن و مومارەسەکردنی دەدات- ئەگەرچی بە بێ سەرکەوتنیش نەبووە- لە میانەی مامەڵەکردنی لەگەڵ زۆرێك لە پرس و وڵاتاندا، نەك تەنیا لە بەرامبەر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کەواتە کاتێك سەرۆك ترەمپ باس لەوە دەکات کە دەبێت دووبارە شکۆ و مەزنێتی بۆ ئەمریکا بگەڕێندرێتەوە، ئەوا دەقاودەق مەبەستی ئەوەیە کە وڵاتی ئێمە هێزی ژمارە یەکە لە جیهاندا، لەم روانگەیەشەوە دەبێت کاروبارەکان بە خواستی ئەو بێت.

*** باشە ئێوە پێتان وایە لە ئێستادا ئامانجی سەرەکیی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بریتییە لە ناچارکردنی ئێران بۆ گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ، کە ئێمە دەزانین فشارە ئابوورییە سەپێندراوەکان لەلایەن ئەمریکاوە بەسەر ئێراندا کێشەی گەورە و دژواری دارایی و ئابووری لەو وڵاتەدا دروست کردووە، کەواتە تا چ رادەیەك ئەگەری ئەوە هەیە کە ئێران ئامادە بێت سازشی گەورە بکات و دووبارە ئامادە بێت بگەڕێتەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ؟**

- ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت ئەوەیە کە ئێران سەرقاڵی گەڵاڵەکردنی بژارەکانی خۆیەتی، ئەگەرچی ئەوان ئەم بژارانە بۆ رای گشتی ئاشکرا ناکەن. بۆ نموونە، بە رادەیەکی گەورە هاوکارییە داراییەکانیان بۆ حزبوڵا کەم کردۆتەوە، کە گرووپێکی تیرۆریستییە کە بە ئاشکرا هەڵمەتی کۆکردنەوەی هاوکاری دارایی لە لوبنان ئەنجام دەدات. پێم وایە ئەم هەنگاوە، بڕیار و هەنگاوی دیکەی بە دوادا دێت، ئەمەش پێش ئەوەی بڕیاری کەمکردنەوەی هاوکاری پەیوەست بە خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لە نێو خودی ئێراندا بدرێت. ئێرانییەکانیش ئەو راستییە دەزانن، کە ئەگەر ئەم کارە بکەن، ئەوا نارەزایەتییەکی جەماوەری بەربڵاو روودەدات لە وڵاتەکەدا.

*** هەروەك ئاشکرایە کە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ رێچکەیەك دەگرێتەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەکەی، کە رێچکەیەکە لەسەر بناغەی قازانج و زیان بنیات نراوە، واتە ئەم ئیدارەیە هەوڵی هێنانەدی گۆڕانکاری لە نێو وڵاتێکدا نادات هێندەی ئەوەی مەبەستێتی لە بوارێکی دیاریکراودا رێککەوتنی لەگەڵدا بکات، بەڵام لە پەیوەندی بە ئێرانەوە دەبینین ئەم ئیدارەیە پتر جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە گۆڕانکارییەکی سەرتاسەری و گشتگیر لە سیاسەت و کردارەکانی ئێراندا بهێنێتەئاراوە، ئایا ئەمە دژیەکی نییە لە سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکا لە ئاست ئێراندا؟**

- لە راستیدا ئیدارەی سەرۆك ترەمپ لە زۆر مەسەلەدا سیاسەتێکی دژبەیەکی هەیە.

**کاتێک سەرۆک ترەمپ باس لەوە دەکات کە دەبێت دووبارە شکۆ و مەزنێتی بۆ ئەمریکا بگەڕێندرێتەوە، ئەوا دەقاودەق مەبەستی ئەوەیە کە وڵاتی ئێمە هێزی ژمارە یەکە لە جیهاندا، لەم روانگەیەشەوە دەبێت کاروبارەکان بە خواستی ئەو بێت**

**ئێران سەرقاڵی گەڵاڵەکردنی بژارەکانی خۆیەتی، ئەگەرچی ئەوان ئەم بژارانە بۆ رای گشتی ئاشکرا ناکەن. بۆ نموونە، بە رادەیەکی گەورە هاوکارییە داراییەکانیان بۆ حزبوڵا کەم کردۆتەوە، کە گرووپێکی تیرۆریستییە**

**سەرۆک ترەمپ دەیەوێت ئێران ناچار بکات بەوەی گۆڕانکارییەکی گەورە لە تەواوی سیاسەت و ستراتیژیەتەکەیدا بهێنێتەئاراوە**

**ئەگەر هێورکردنەوەی گرژییەکان بە مانای سازشکردن بێت لەگەڵ دەسەڵاتی خراپی تاراندا، ئەمە بژارەیەکی خراپە**




ئیدی ئەمە شێوازی کارکردنی ئەوە، بەڵام لە پەیوەندی بە پرسی ئێرانەوە، ئەوا سەرۆك ترەمپ دەیەوێت ئێران ناچار بکات بەوەی گۆڕانکارییەکی گەورە لە تەواوی سیاسەت و ستراتیژیەتەکەیدا بهێنێتەئاراوە، کە پێم وایە دەبێت لەم رووەوە سیاسەتێکی جێگیر بگرێتەبەر و ئارامگر بێت، بەڵام دەبێت چاوەڕوان بکەین و ببینین ئایا ئەمە روودەدات یان نا. لەم هاوکێشەیەدا ئێران لایەنە لاوازەکەیە، بەڵام ئێمە دەزانین کە سەرۆك ترەمپ خوازیاری هێنانەدی دەرئەنجامی خێرایە، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کە رەنگە بکەوێتە هەڵەوە. هەرچۆنێك بێت، هێشتا ئەوە روون نییە، کە ئایا سوپا و دەزگای هەواڵگری ئەمریکا بە تەواوەتی پشتیوانیی سەرۆك ترەمپ دەکەن لە پەیوەندی بە ئێرانەوە.

*** باشە لە نێو ئەم بارگرژی و هەڵکشانی ئاڵۆزییانەدا، دەکرێت و دەتوانرێت چی بکرێت لەلایەن هەردوو وڵاتەوە بۆ خاوکردنەوەی بارگرژییەکان و هێورکردنەوەی دۆخەکە و بگرە بۆ گەیشتن بە سازش و لێکتێگەیشتن و رێککەوتن، یان ئەگەرێکی لەم چەشنە لە ئارادایە، یان مەسەلەکە ئەوەیە کە رووبەڕووبوونەوەی نێوان ئەمریکا و ئێران رووداوێکی حەتمییە؟**

- من پێم وانییە ئەوەی دەبێت رووبدات بریتی بێت لە هەوڵدان و کارکردن بۆ خاوکردنەوەی بارگرژییەکان، چونکە ئەگەر هێورکردنەوەی گرژییەکان بە مانای سازشکردن بێت لەگەڵ دەسەڵاتی خراپی تاراندا، کەواتە ئەمە بژارەیەکی خراپە. واتە من پێم وایە پێویستە ئێران ناچار بکرێت کە مامەڵە لەگەڵ کاروبارە ناوخۆییە گەورە و گرانەکانی وڵاتەکەیدا بکات، لەبری ئەوەی ناچار بکرێن مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی پەیوەست بە یەمەن و عێراق و سوریا و لوبنان و غەززە و ئیسرائیلەوە بکات. بە تێڕوانینی من دەکرێت ئەم ئامانجە بە بێ شەڕیش، بەدی بهێنرێت.

**پێویستە ئێران ناچار بکرێت کە مامەڵە لەگەڵ کاروبارە ناوخۆییە گەورە و گرانەکانی وڵاتەکەیدا بکات، لەبری ئەوەی مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی پەیوەست بە یەمەن و عێراق و سووریا و لوبنان و غەززە و ئیسرائیل بکات**

دیمانەی تایبەت



**برانتلی وۆماک**

**تایبەتمەندی بواری بازرگانی و پرسە ئابوورییەکان لە زانکۆی شیکاگۆ بۆ گوڵان:**

# چین دەیەوێت ببێتە چەقی پێکەوەگرێدانەوەی جیهان

**برانتلی وۆماك خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە کە لە زانکۆی شیکاگۆ بەدەستی هێناوە و ئێستا پرۆفیسۆری کاروبارە دەرەکییەکانە لە زانکۆی ڤیرجینیا، تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك کاروبارە دەرەکییەکان، پرسە ئابوورییەکان، بازرگانی، هەروەها تایبەتمەندی کاروباری ئاسیایە، بەتایبەتی سیاسەتی نەتەوەیی و نێودەوڵەتیی وڵاتی چین، پێشتریش وانەبێژی زانستی سیاسی و ئابووریی سیاسی بووە لە زانکۆی تێکساس. لە توێژینەوەکانیشدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك پەیوەندییە نێودەوڵەتییە نابەرامبەرەکان، پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی گشتی و دەسەڵاتی جەماوەری لە چین، سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیی ڤێتنام، پەیوەندییەکانی چین بە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە. بۆ تاوتوێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەتایبەتی لە پەیوەندی بە بەکارهێنانی فشار و سزا ئابوورییەکان بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی، هەروەها ئەو شەڕە بازرگانییەی لەگەڵ چیندا بەرپای کردووە، لەگەڵ ئەگەرەکانی چارەسەربوون یان هەڵکشانی ناکۆکییە بازرگانییەکانی نێوان وڵاتی چین و ئەمریکا، بەتایبەتی دوای بە بنبەستگەیشتنی گفتوگۆکانی نێوان هەردوو وڵات بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانیان و ڕۆڵی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی لەم ڕووەوە، گولان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا.**

*** هەروەك ئاشکرایە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بە ڕاددەیەکی زۆر پەنا بۆ بەکارهێنان و گرتنەبەری ئامرازە ئابوورییەکان- فشار و سزا ئابوورییەکان- دەبات بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەکەی و بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر ڕکابەر و تەنانەت دۆست و هاوپەیمانەکانیشی، ئایا تا چەند ئەمە ستراتیژیەتێکی سەرکەوتووە و تا چەند دەکرێت بەردەوام بێت؟**

- ئاشکرایە لە بوونی پەیوەندی و هاوکێشەیەکی نابەرامبەردا، لایەنی بەهێز ڕووبەڕووی مەترسییەکی کەمتر دەبێت بە بەراورد بە لایەنە لاوازەکە، کەواتە لە کاتی گفتوگۆکاندا لایەنە بەهێزەکە لە پێگەیەکی باشتردایە. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەگەر بێت و لایەنە بەهێزەکە ئەم پێگە بەهێزەی خۆی بە ئاست و ئەندازەیەك بەکار بهێنێت کە ببێتە مایەی زیانگەیاندن بە لایەنە لاوازەکە، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دەرفەتەکانی ئەنجامدانی هاوکاری کە لە قازانج و بەرژەوەندیی هەردوولادا دەبێت، لە دەرئەنجامدا ڕێسا فرەلایەنەکانیش لاواز دەبن، لایەنە لاوازەکەش ناچار دەبێت سڵ بکاتەوە و بە وریاییەوە هەنگاوهەڵبگرێت. ئێمەش دەزانین ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیوەندییەکی نابەرامبەری هەیە لەگەڵ سەرجەم وڵاتانی جیهان و خودی سەرۆك دۆناڵد ترەمپیش گفتوگۆکارێکی سەرسەختە. هەر لەبەر ئەمەشە دەبینین کە هاوبەشەکانی سازشی بۆ دەکەن، کە ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیە نەبوایە، ئەوا ئەم سازشەیان نەدەکرد، بەڵام ئەوەی لەم نێوەندەدا بەدی دەکەین، بریتییە لە فەرامۆشکردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و هەژان و لەقبوونی سیستمە نێودەوڵەتییەکە،

**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیوەندییەکی نابەرامبەری هەیە لەگەڵ سەرجەم وڵاتانی جیهان و خودی سەرۆک دۆناڵد ترەمپیش گفتوگۆکارێکی سەرسەختە**

هەروەها وڵاتانی دیکەش خۆیان ئامادەدەکەن بۆ ئەوەی وەك هاوبەشێکی باوەڕپێنەکراو و متمانەپێنەکراو مامەڵە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەن.

*** لایەنێکی دیکەی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ بریتییە لە خولیای ئەم ئیدارەیە بۆ ئەنجامدانی رێککەوتنی دوو قۆڵی و رەتکردنەوەی رێککەوتن و پەیماننامە چەند قۆڵییەکان، هۆکارەکانی ئەم پێداگرییەی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ لەم رووەوە بۆ چی دەگەڕێننەوە؟**

- دەتوانین هۆکارەکە بگەڕێنینەوە بۆ دید و قەناعەتی خودی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ کە باوەڕی وایە دەتوانێت دەرئەنجامی باشتر و زیاتر بەدەست بهێنێت لە رووبەڕووبوونەوە دووقۆڵییەکاندا بە بەراورد بە پیادەکردن و پابەندبوون بە رێسا نێودەوڵەتییەکان، یان گفتوگۆ فرەلایەنەکانەوە. بەڵام کێشەی ئەم رێچکەیە ئەوەیە کە تاوەکو زیاتر بیەوێت وەبەرهێنان بکات لە سەرکردایەتیکردنی ئەمریکا، ئەوا پتر دەکەوێتە دەرەوەی گەمەکەوە. هەروەها ئەگەر وەك کێشەی جیهان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕوانرێت، نەك وەك چارەسەری کێشەکانی جیهان، ئەو کات ئەمریکا لە مەودای دووردا خۆی دوچاری گۆشەگیری دەکات.

*** زۆر باس لە هەڵکشانی هێزی چین دەکرێت، بەتایبەتی کە ئەم وڵاتە چەندین پرۆژە و دەستپێشخەری، وەك دەستپێشخەری پشتێنە و رێگای خستۆتەڕوو، ئایا تا چ رادەیەك ئەم پرۆژە و دەستپێشخەرییانەی وڵاتی چین دەبنە مایەی نیگەرانکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەتایبەتی کە باس لەوە دەکرێت چین دەتوانێت بیانکاتە ئامرازێك بۆبەدەستهێنانی دەسترۆیشتوویی سیاسی و فراوانخوازیی سەربازی؟**

- لە راستیدا ئەوەی دەتوانین بیڵێین ئەوەیە کە دەستپێشخەریی پشتێنە و رێگا، هەنگاوێکی ستراتیژیی زۆر ژیرانەیە لەلایەن وڵاتی چینەوە، لەبەر ئەوەی ئەم دەستپێشخەرییە دەبێتەهۆی ئەوەی کە ئەو بازاڕانەی لە قۆناغی دەرکەوتندان- واتە نەك تەنیا دەوڵەتە دراوسێکانی چین- ئومێدێکیان هەبێت لە نێو ئەم بارودۆخەی ئێستای جیهاندا کە نادڵنیایی و رەشبینی باڵی بەسەردا کێشاوە. کەواتە دەکرێت بڵێین ئەمە چەترێکی سیاسیی گشتییە کە چین لە پێناویدا ئازارێکی زۆری رووبەڕووبۆتەوە، بەڵام لە دەرئەنجامدا دەبێتەهۆی بەهێزکردنی ئەوەی جیهان پتر پێکەوە ببەسترێت و چەقی ئەم پێکەوەگرێدانەش وڵاتی چین بێت. بەڵام ئەم دەستپێشخەرییە مایەی هەڕەشەیەکی راستەوخۆ نییە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، نە لە رووی سیاسی و نە لە رووی سەربازییشەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، دەکرێت ئاڵوگۆڕی رێژەیی پێگەکان وەك هەڕەشەیەك لێی بڕوانێت لە دژی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بەڵام پێم وایە هەوڵی ئەمریکا بۆ ئیحتیواکردنی چین دەرئەنجامی نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە

*** ئاشکرایە هەر لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە، سەرۆك دۆناڵد ترەمپ فشارە ئابوورییەکانی دژی وڵاتی چین دەستپێکردووە، بە چەشنێك کە هەندێ لە چاودێران بە شەڕی بازرگانی وەسفی دەکەن، کە لەم شەڕەشدا، هەردوولا چەندین رێکاری سزائامێزیان لە دژی یەکتر گرتۆتەبەر، بەڵام لەم دواییەدا هەردوولا دەستیان بە گفتوگۆ کرد لە پێناو گەیشتن بە چارەسەرێك بۆ ناکۆکییەکانیان، بەڵام ئەم گفتوگۆیانەش بە ئەنجام نەگەیشتن، خوێندنەوەی ئێوە بۆ دۆخەکە چییە لە ئێستادا؟**

- بە تێڕوانینی من تەنیا مەسەلەیەك کە جێی بایەخ و گرنگیپێدان بێت لەلایەن بەڕێز ترەمپەوە بریتییە لە دووبارە سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا. کە ئێمە دەزانین ئەمەش گەمەیەکی گەورەیە. کەواتە ئەگەری ئەوە هەیە کارێك بکات کە بارگرژییەکانی ئێستا درێژ بکاتەوە تا ئەو کاتە دۆخێکی لەبار دەخوڵقێت و دەتوانێت جاڕی گەیشتن بە رێککەوتنێکی سەرکەوتوو بدات.

*** ئێمە دەزانین کە کێشەی سەرەکی، یان ناکۆکیی سەرەکیی نێوان هەردوو وڵاتی چین و ئەمریکا بریتییە لە پرسەکانی پەیوەست بە بواری بازرگانییەوە، کە لە ئێستادا گفتوگۆکانی پەیوەست بە چارەسەرکردن و**

**ئەگەر وەک کێشەی جیهان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕوانرێت، نەک وەک چارەسەری کێشەکانی جیهان، ئەو کات ئەمریکا لە مەودای دووردا خۆی دوچاری گۆشەگیری دەکات**

**دەستپێشخەریی پشتێنە و رێگا، هەنگاوێکی ستراتیژیی زۆر ژیرانەیە لەلایەن وڵاتی چینەوە، لەبەر ئەوەی ئەم دەستپێشخەرییە دەبێتەهۆی ئەوەی کە ئەو بازاڕانەی لە قۆناغی دەرکەوتندان- واتە نەک تەنیا دەوڵەتە دراوسێکانی چین- ئومێدێکیان هەبێت لە نێو ئەم بارودۆخەی ئێستای جیهاندا کە نادڵنیایی و رەشبینی باڵی بەسەردا کێشاوە**

**دەکرێت ئاڵوگۆڕی رێژەیی پێگەکان وەک هەڕەشەیەک لێی بڕوانێت لە دژی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بەڵام پێم وایە هەوڵی ئەمریکا بۆ ئیحتیواکردنی چین دەرئەنجامی نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە**



**یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە بازرگانییەکان بە بنبەست گەیشتوون لە نێوانیاندا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەری ئەوە نییە کە ناکۆکییەکان بوارەکانی دیکەی غەیرە بازرگانی بگرنەوە؟**

- لە راستیدا ئەمە رێی تێدەچێت، بەتایبەتی کە ئەگەر ئەو راستییە لەبەرچاو بگرین کە چین گەمەیەکی جیاواز دەکات، لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە بە دڵنیاییەوە ئەوان هەوڵی ئەوە دەدەن بە چەشنێك کاردانەوە و پەرچەکرداریان هەبێت کە خۆیان رووبەڕووی هیچ زیانێك نەبنەوە، هەروەها بێگومان هەوڵی ئەوە دەدەن کە خاڵە لاوازەکانی خۆیان لە ئاست ئەمریکادا بپارێزن.

*** باشە ئەگەر دۆخەکە بە بنبەست گەیشتبێت و تا ئێستا نەتوانرابێت بەتایبەتی لە رێی گفتوگۆوە چارەسەرێك بۆ ناکۆکییەکانیان بدۆزرێتەوە، ئایا ئەو هەنگاوە کردارییانە چین کە هەردوولا دەتوانن و دەبێت بیگرنەبەر بۆ ئەوەی بگەنە چەشنێك لە سازش و رێککەوتن؟**

- لە راستیدا دەبێت ئەو راستییە بۆ هەردوو وڵاتەکە روون بێت کە هاوکاریکردن لە نێوانیاندا لەبارەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانەوە بیرۆکە و هەنگاوێکی باشە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە بەڕێز ترەمپ کراوە نییە بە رووی ئەم پرسەدا و چینیش پاساوی باشی هەیە بۆ ئەوەی متمانە بە ئەمریکا نەکات. کەواتە ئومێدەکە ئەوەیە هەردوو وڵات بتوانن بەلای کەمەوە هەوڵی ئەوە بدەن ئەو مەترسییانە کەم بکەنەوە کە ئەگەری ئەوە هەیە لەو بارودۆخانەوە سەرچاوە بگرن کە زیان بە هەردوولایەن دەگەیەنێت، بۆ نموونە لە بواری ئاسایشی ئەلیکترۆنی.


*** ئێستا مشتومڕێکی زۆر دەکرێت لەبارەی رێکخراوی بازرگانی جیهانییەوە، کە ئێمە دەزانین یەکێك لە ئەرکەکانی ئەم رێکخراوە بریتییە لە دەستەبەرکردنی میکانیزمێك بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی پەیوەست بە بواری بازرگانی لە نێوان دەوڵەتە ئەندامەکانیدا، پێت وانییە ئەم رێکخراوە بتوانێت هیچ رۆڵێك ببینێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ئەمریکا و چیندا؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە ساتەوەختێکی سەخت و دژوارە بۆ رێکخراوی بازرگانی جیهانی. کە ئێمە دەزانین ئەم رێکخراوە چاودێری جێبەجێبوونی رێساکانی گەمەکە دەکات لە بواری بازرگانیدا، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەمە ئەو گەمەیە نییە کە بەڕێز ترەمپ دەیکات، هەروەها ئەو لە هیچ حاڵەتێکدا بە پێی رێساکان گەمە ناکات.

**تەنیا مەسەلەیەک کە جێی بایەخ و گرنگیپێدان بێت لەلایەن بەڕێز ترەمپەوە بریتییە لە دووبارە سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا، ئەمەش گەمەیەکی گەورەیە و ئەگەری ئەوە هەیە کارێک بکات بارگرژییەکانی ئێستا درێژ بکاتەوە تا ئەو کاتە دۆخێکی لەبار دەخوڵقێت و دەتوانێت جارێ گەیشتن بە رێککەوتنێکی سەرکەوتوو بدات**

# ئیسلامی سیاسی لە سریلانکا

سریلانکا Sri Lanka دەکەوێتە باشووری ئاسیا، پایتەختەکەشی کۆڵۆمبۆ Colombo یە و بازرگانانی موسڵمان بە دوورگەی سرندیب پێناسەی دەکەن، لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی زایینییەوە لە ڕێگەی ئەوان و تامیلی هیندەوە ئیسلام هاتە ئەو دوورگەیەوە، خەڵکەکەشی سیلانی پێ دەڵێن. ئەم دوورگەیە بۆ ٣٠٠٠ ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، خەڵکەکەی وا مەزەندەدەکەن کە ئادەم لە بەهەشت دەرکراوەو لەوێ نیشتەجێ بووە، هەروەها بە دوورگەی یاقووت ناسراوە، لەبەر ئەوەی ئەم بەردە بەنرخەی تێدایە، هاوکات دوورگەی چا و بەهارات و درەختی مەتاتە، لە ساڵی ١٣٤٤ گەریدە ئیبن بەتوتە سەردانی کردووەو شاری کۆڵۆمبۆو بۆتالام و بەندەری مندلی بینیوە، مزگەوتێکی بەرچاو کەوتووە لە شارۆچکەی کنکار کە سەر بە شێخ عوسمان شیرازی بووە، لە ساڵی ١٥٠٥ پورتوگالییەکان داگیریان کردووە و ئایینی کریستیانی کاسۆلیکییان تێدا بڵاوکردۆتەوە، دواتر لە ١٦٥٥هۆڵەندییەکان داگیریان کرد، دواجاریش بەریتانییەکان لە ساڵی ١٧٠٦، بەریتانییەکان لە ساڵی ١٨١٥ شا کندییان کوشت و بە فەرمی داگیریان کرد، کۆڵۆنیی تاج سیلان Ceylon Crown Colony یان دامەزراند، لە ١٩٣١ بەریتانیا ئۆتۆنۆمی دا بە دوورگەی سیان لە چوارچێوەی حوکمی کۆمنوێلس- Commonwealth 0f Nations- هاوبەندی کۆمنوێلس کە ٥٣ دەوڵەت دەگرێتەوەو پێشتر کۆلۆنێگەلی بەریتانیا بوون و چوار سەدە داگیری کردبوون، واتا تا سەربەخۆبوونیان لە ساڵی ١٩٤٨، بە Kingdom of Ceylon شانشینی سیلان وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٢ سۆلۆمۆن بادرانایکا بوو بە سەرۆکی وەزیرانی سیلان و لە ١٩٥٩ کوژرا، دواتر یەکەم ئافرەت لە مێژووی ئەو وڵاتە ژنەکەی (سیریمافۆ باندرانایکا Bandaranaike Sirimavo بۆ سێ جار پۆستی سەرۆك وەزیرانی وەرگرت لە ساڵی ١٩٦٠-١٩٦٥، دواتر لە ساڵی ١٩٧٠-١٩٧٥- دواجاریش لە ١٩٩٤-٢٠٠٠، لە ساڵی ١٩٧٢ ناوی شانشینی سیلان گۆڕا بۆ سریلانکا، بە واتای وڵاتی جوان، دیارە سریلانکا بە سەوزایی داپۆشراوە، لە ١٩٧٨ سیستەمی حوکمڕانی بوو بە سەرۆکایەتی و ناوی دەوڵەتە کرا بە کۆماری سریلانکای دیموکراسیی سۆسیالیست Democratic Socialist republic of Sri Lanka دەوڵەتێکی فرە ئیتنی و ئایینە، زۆرنەیان لە نەتەوەی سنهالییە کە بوزین و ٧٠٪ی دانیشتوانن، گرنگترین مەزهەبیش تیرفادایە واتا بیروباوەڕی شێخەکان ئەو مەزهەبەش لە کەمبۆدیا Cambodia و لاوس Laos ومیانمار Myanmar وتایلاند Thailand بڵاوە، دوای ئەوە تامیلی هیندی دێت کە



د.عەرەفات کەرەم ستونی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

١٣٪ن، موسڵمانانیش ١٠٪ی دانیشتووانن و ئەوانی دیکەش کریستیانی کاسۆلیکن کە کۆلۆنیالیزمی پورتوگالیی داگیرکار هێنایە وڵات لەگەڵ کەمینەیەکی پرۆتستانت، موسڵمانان لە رۆژهەڵات و ناوەڕاستی سریلانکادا دەژین، بەتایبەتیش لە شاری کاندین، ئەوانیش چەند نەتەوەیەکن، موسڵمانانی مۆر کە زۆرینەن، موسڵمانانی مەلایۆ کە ئەندەنووسین و بەریتانیا هێنانی و کەمینەن، دواجار موسڵمانانی هیندی کە بازرگانی هیندین، دوای سەربەخۆیی ململانێ لەنێوان سینهالی بوزی و تامیلی هیندۆسی روویدا، پڵنگەکانی رزگارکردنی ئیلام تامیل Liberation Tigers of Tamil Eelam شەڕیان دژی حکومەت راگەیاند کە سینهالییەکان سەرۆکایەتیی دەکەن لە پێناو سەربەخۆیی هەرێمی ئیلام لە باکووری رۆژهەڵاتی وڵات، لەلایەن(٣٢) دەوڵەتەوە پڵنگەکانی تامیل بە تیرۆریست تۆمارکرا و لەسەرروویانەوە ئەمریکاو هیندستانن شەڕی ناوخۆ لە ١٩٨٣ دەستی پێکردو لە ٢٠٠٩ کۆتایی هات، واتا(٢٦) ساڵ بەردەوام بوو، (١٠٠)هەزار کەسی تێدا کوژرا و هەوڵەکانی کۆتاییهێنانی شەڕەکە سەرکەوتوونەبوون، لە ساڵی ٢٠٠٢ رێککەوتنی ئاشتی لە تایلاند بە چاودێریی نەروێژ بەسترا، بەڵام حکومەت سەرانی تامیلی لەناوبرد، راجیف گاندی Rajiv Gandhi سەرۆك وەزیرانی هیندستان بە بۆمبێکی خۆکوژیی لەلایەن خۆبەخشێکی تامیلی بەناوی (لسینموزی راجاراتنام)ەوە لە ساڵی ١٩٩١تیرۆرکرا، شەڕی نێوان هەردوو لا بەردەوام بوو تا حکومەت لە ساڵی ٢٠٠٩ بە یەکجاری لەناوی برد، ئەمەش لەسەردەمی سەرۆك ماهندا راجاباکسا Mahinda Rajapaksa، لەمیانی ئەمەشدا موسڵمانان قوربانی بوون، چونکە تامیل وەك چاوی حکومەت سەیری دەکردن، چەندین جار رووبەڕووی چەوسانەوەی هیندۆس بوونەتەوە، لە ساڵی ١٩٠٩٠ هیندۆس مەینەتییان بەسەردا هێنان، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٦ زیاتر لە(٧)هەزار موسڵمان لە ناوچەکانی خۆیان ئاوارە بوون، بە کۆتاییهاتنی شەڕەکە ئەم مەینەتییەش تەواوبوو، لە راستیدا موسڵمانان لە سریلانکا لە بوزییەکان رازین، شێخ رەشید حەج ئەکبەر کە زانایەکی موسڵمانی سریلانکاو ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامییە دەڵێت: بوزییەکان زۆر میانڕەون و لێبووردەییان هەیە کە لای هیندۆس نییە، زۆر بە ئاسانی دەکرێ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، جگە لە حزبێك کە توندڕۆیەو ئاژاوەو دووبەرەکی بەرپادەکات. ئەمەش ئاماژەیە بە بزووتنەوەی هێزە بوزییەکان (بۆدۆ بالا سینا) کە لە ساڵی ٢٠١٢ لەلایەن Galagoda Aththe Gnanasara وە دامەزرا، بزووتنەوەیەکی پەڕگیرەو سەر بە مەزهەبی تیرفادایە کە لە

**لە ساڵی ١٩٥٢ سۆلۆمۆن بادرانایکا بوو بە سەرۆکی وەزیرانی سیلان و لە ١٩٥٩ کوژرا، دواتر یەکەم ئافرەت لە مێژووی ئەو وڵاتە ژنەکەی (سیریمافۆ باندرانایکا** Bandaranaike Sirimavo **بۆ سێ جار پۆستی سەرۆک وەزیرانی وەرگرت**

**موسڵمانان لە رۆژهەڵات و ناوەڕاستی سریلانکادا دەژین، بەتایبەتیش لە شاری کاندین، ئەوانیش چەند نەتەوەیەکن، موسڵمانانی مۆر کە زۆرینەن، موسڵمانانی مەلایۆ کە ئەندەنووسین و بەریتانیا هێنانی و کەمینەن، دواجار موسڵمانانی هیندی کە بازرگانی هیندین**

میانمارەو دەمارگیرن بەرامبەر رۆهینگا، لە راستیدا حکومەتی سریلانکا دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ موسڵماناندا دەکات، بەتایبەتیش لەگەڵ ئەو موسڵمانانەی بیر لە جیابوونەوە ناکەن، وەك ئەوەی کە تامیل بیری لێ دەکاتەوە، بەڵکو ئازادی و داپەروەری و هاووڵاتیبوونیان دەوێت، ئەوەشیان هێنایەدی، ئەوان بەشداری سیاسین و نوێنەرو وەزیرو دەسەڵاتیان هەیە لە دەوڵەتدا، سێ حزبی سەربەخۆ بەناوی موسڵمانان هەیە، هەروەها قوتابخانەو پەیمانگەو زانکۆ و مزگەوت و دەستەو کۆمەڵە و رۆژنامەو گۆڤارو حزب و دادگای شەرعیی تایبەت بە خۆیان هەیە، جگە لە بەرنامەی ئایینی لە رادیۆو تەلەفزیۆنی فەرمیی دەوڵەت، هەروەها پشووی فەرمییان بە رەزامەندیی حکومەت هەیە، موسڵمانان پێکهاتەیەکی تەواوی نیشتمانین لە کۆمەڵگەی سریلانکا، ئەوان مێژوویەکی دێرینیان لەو وڵاتەدا هەیە، لەنێوان ساڵی ١٨٨١ بۆ ١٩٠١ موسڵمانان بە پێویستیان زانی پەیمانگەو زانکۆ دامەزرێنن بە مەرجێ کۆی زانستەکان لەخۆبگرێت، واتا نەك تەنیا تەرکیز بخرێتە سەر زانستە ئایینییەکان، بەڵکو بۆ خزمەتی گەل و وڵات دەبێ زانستەکانی دیکەش بخوێندرێن، پێشەنگی ئەم بیرۆکەش شێخ محەمەد قاسم سەددی لببی بوو کە رۆژنامەی (هاوڕێی موسڵمان)ی بە زمانی تامیلی دەرکرد، چونکە زۆرینەی موسڵمانانی سیلان (سریلانکای ئێستا) قسەی پێ دەکەن، کاتێکیش بەریتانیا پێشەوای میسی ئەحمەد عورابی سەرکردەی شۆڕشی میسری دژی داگیرکاریی بەریتانیا لە میسرەوە بۆ سیلان دوورخستەوە لە ساڵی ١٨٨٤ تا ١٩٠١ لەوێدا مایەوە، ئەحمەد عورابی لەگەڵ شێخ قاسم قوتابخانەی زاهرەیان لە ساڵی ١٨٩٢ دامەزراند، کە یەکەم پەیمانگەی خوێندنی ئیسلامییە لە سیلان، ناوەکەشی لە زانکۆی ئەزهەری قاهیرەوە وەرگیراوە، لە ساڵی ١٩٧٣ زانکۆی نزێمیەی ئیسلامی لە شاری بیرویلای باشووری پایتەخت دامەزرا، ناوەکەشی دەچێتەوە سەر حاجی محەمەد نەزیم ئیسماعیل سریلانکی کە خەونێك بوو بۆ میللەتەکەی هێنایەدی، لە ساڵی ١٩٨٧ یەکێتیی موسڵمانان لە سریلانکا دامەزرا، بەڵام هەندێ گرووپی توندڕەو چوونە ریزیەوە و ئاژاوەو کێشەیان نایەوە و میانڕەوەکان ناچاربوون هەڵیبوەشێننەوەو یەکێتییەکی دیکە بە ناوی یەکێتیی موسڵمانانی کونسلی ئۆف سریلانکا دابمەزرێنن، کە (٦٠) کۆمەڵەی لەخۆگرتبوو. ئیخوان موسلمین هەوڵیان دا بنکەیەك دابمەزرێنن، بەڵام شکستیان هێنا، چونکە موسڵمانانی سریلانکا هەر بیرۆکە، یان بیروباوەڕێکی ئایدیۆلۆجی رەت دەکەنەوە کە هەڕەشە لە پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەگەڵ بوزییەکان و هیندۆس و کریستیان بکات.

شێخ مەنسوور ئەبو ساڵح دامەزرێنەری کۆلیجی قورئانی پیرۆز لە سریلانکا کاریگەربوو بە بۆچوونەکانی حەسەن بەننا و سەید قوتب و غەزالی و قەرەزای و بۆ پێنج ساڵ لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی کاری کرد، دواتر لقێکی ئیخوان موسلمینی دامەزراندو بۆ پازدە ساڵ کاری تێدا کرد، دواجار کە زانی کاری بانگخوازی لەمیانی سیستەمی بزووتنەوەکە بۆ کەمینەی موسڵمان گونجاو نییە، دەستی لەکار کێشایەوە، لە ساڵی ١٩٨١ حزبێکی ئیسلامی بە ناوی کۆنگرەی ئیسلامیی سریلانکی لە شاری کۆلۆمبۆ دامەزرا، لەو کۆمەڵانەی هەبوون کە بریتی بوون لە کۆمەڵی ئەنسارولسوننەو کۆمەڵەی تەبلیغ و کۆمەڵی لاوانی موسڵمان، کۆمەڵی نەدوی بوخاری، کۆمەڵی ئیسلامی و ئەمین، لە ساڵی ١٩٨١ موسڵمانانی سریلانکا بەناوی ئەو دەستەوە کۆمەڵانە کۆنگرەی ئیسلامیی جیهانییان سازکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موسڵمانان، لەوانەش کێشەی جێ بەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلام، چەندین شاند لە وڵاتانی ئیسلامییەوە بەشدارییان تێدا کرد، بەڵام زۆربەی ئەو کۆمەڵەو دەستانە لە یاساکانی دەوڵەت دەرناچن و بە تەواوی نیشتمانپەروەرن و رێگەنادەن هیچ فیکرێك بڵاوبێتەوە کە ببێتە هەڕەشە بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە وڵات، ئەوانە دامەزراوەی پەروەردەیی و فیکری و بانگخوازین، نەك رێکخراوی سیاسی وەك ئەوەی لە وڵاتانی موسڵماندا هەیە، بۆیە حکومەت لاری نییە لە بوون و بڵاوبوونەوەی، بەڵکو هانی دەدات چونکە خزمەت بە پێکەوەژیانی ئاشتیانە دەکات، سەرەڕای ئەوەی کە رووبەڕووی دەستدرێژی و

هێرش بوونەتەوە لەسەر دەستی تامیل و بوزییەکان، بەڵام لەترسی ئاژاوە بێ دەنگ بوونە، لەساڵی ٢٠٠٦ چەن کەسێکی نەناسراو بۆمبێکی زۆریان هاویشتە نێو مزگەوتێك لە شاری ئەکاراباتۆو چل نوێژخوێن کوژران، لە ساڵی ٢٠١٣ بوزییە توندڕەوەکان لە بزووتنەوەی BBS هێرشیان کردە سەر مزگەوتێك و لە ترسی ئەوان داخرا، دوای ئەو رووداوە و لە هەمان ساڵدا (رێکخراوی ئەڵمانی بۆ بەرگری لە گەلە هەڕەشەلێکراوەکان)بەرپرسیارێتیی تەشقەڵەکردن بە موسڵمانان بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە بوونیان لە وڵات خستە ئەستۆی بزووتنەوەی ناوبراو، لە ساڵی ٢٠١٤ بوزییەکان دوو ناوچەی موسڵمانانیان کردە ئامانج و چوار موسڵمانیان کوشت و خانوو و کۆگاکانیان خاپوورکرد، لە ساڵی ٢٠١٧ بیست هێرش کرایە سەر موسڵمانان لە ناوچەی جینتۆناب باشووری پایتەخت، حکومەتیش باری نائاسایی لە ناوچەی کاندی بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی راگەیاند. بوزییە توندڕۆکان پێیان وایە بوونی موسڵمانان هەڕەشەیە بۆ بووزییەت، بەتایبەتیش موسڵمانان کۆنترۆڵی بازرگانییان کردووە، لە ساڵی ٢٠١٨ حکومەت رایگەیاند کە بوزییەکانی سەر بە گرووپی BBS یان گرتووە کە تۆماری وێنەگیراویان بڵاوکردبۆوە و هانی خەڵکیان دەدا رقیان لە موسڵمانان بێتەوە، بەڵام خودی موسڵمانان دەرکیان بەو هەڵوێستانەی بوزییەکان دەکرد کە نوێنەری بوزییەت نەبوون وەك ئایین، بەڵکو هەڵوێستی گرووپێکی پەڕگیری بوزییە، بۆیە کاتێ داوایان کرد وشەی (حەڵاڵ) لەسەر خۆراك لابەرن موسڵمانان رازی بوون بۆ دوورخستنەوەی دووبەرەکی و پارێزگاریکردن لە پێکەوەژیان، لە ساڵی ٢٠١٨ راهبە میانڕەوەکانی بوزی خۆپیشاندانیان لە پایتەخت سازکرد بۆ نارەزایی دەربڕین بەرامبەر کاری توندوتیژی دەرحەق موسڵمانان، بەرەی نەتەوەیی بیکۆ رایگەیاند کە لە ترسی پێکدادانی تایفەگەری کە یەکێتیی وڵات دەشێوێنێت داوای ئەو خۆپیشاندانانەی کردووە، دواتر تایفەیەکی رەهبانەکان لە رۆژی هەینی وەك پشتیوانییەك لە مەینەتییەکانی موسڵمانان سەردانی مزگەوتی موسڵمانانیان کرد، ئەم چەوساندنەوە تەنیا دژی موسڵمانان نەیوو، لە ساڵی ٢٠١٨ کریستیانی کاسۆلیکیش رووبەڕووی چەوساندنەوەیەکی بەرنامەبۆدارێژراو بوونەوە لەلایەن پەڕگیرانی بوزییەوە، بۆیە دەڵێم پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان ئایینەکان لە باشترین رەوشدا بوو، ئەمەش ئەزموونێکی سەرکەوتووە لەگەڵ بوونی ئەو هەموو نالەبارییەی ناوبناو سەرهەڵدەدەن، کە زۆرینەی پەیڕەوانی ئایینەکانی سریلانکا رەتی دەکەنەوە، دیارە لەنێو هەموو ئایینێکدا پەڕگیرو میانڕەو هەن، پەڕگیرەکان نوێنەرایەتیی ئایین ناکەن، بەڵکو تەنیا خۆیان و تێگەیشتنە سەقەتەکەیان بۆ ئایین، ئەوانەی نوێنەرایەتیی ئایینی راست دەکەن میانڕەوەکانن کە هەست بە بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی دەکەن لەهەمبەر نیشتمان و گەل و مرۆڤایەتی، لە ساڵی ٢٠١٣ عەبدولڕەزاق کە سەرکردەیەکی ئیسلامی سیاسی بوو لە سریلانکا چەند تۆمارکراوێکی وێنەداری بڵاوکردەوە کە سووکایەتیی بە بوزا دەکرد، دواتر داوای لێبووردنیان کرد دوای بەرزکردنەوەی سکاڵایەك دژی عەبدولڕەزاق و تاقمەکەی لە ساڵی ٢٠١٧، عەبدولڕەزاق و تاقمەکەی بەشدارییان لە خۆپیشاندانێکدا کرد دژی یاسای هاوسەرگیریی حکومەت کە تەمەنی کچی بۆ ١٢ ساڵ بەرزکردەوە، حکومەتیش دەستگیری کرد دوای هەڕەشەکانی سەرۆکی بزووتنەوەی بوزی BBS، هەندێ کۆمەڵەی ئیسلامی دەستوەردانیان لە کاروباری دادگادا کرد لەپێناو سزادانی عەبدول رەزاق بە توندترین سزا بۆ پاراستنی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە وڵاتدا، لەساڵی ٢٠١٨ چوار پەیکەری بوزی لەلایەن پەڕگیرانی موسڵمانەوە خاپوورکران، عەبدولڕەزاق پێی تاوانبارکراو دەستگیرکرا، بەڵام حکومەتی سریلانکا نایەوێت رووبەڕووی موسڵمانان ببێتەوە، پەندێکی سەختی لە شەڕە درێژخایەنەکەی لەگەڵ پڵنگەکانی تامیل وەرگرت کە (٢٦) ساڵ بەردەوام بوو، پاشان موسڵمانان جوداخواز نین، هاووڵاتی چاکن و شانازی بە نیشتمانەکەیان دەکەن، بەشداریشیان کردووە لە بنیاتنانی وڵات و پەرەپێدانی لە زۆر بواردا، بەڵام هەندێ کەس لەو بڕوادارانە پابەندن بە ئایدیۆلۆجییەتی ئیسلامی سیاسی و فیکرەکەیان لەنێو کۆمەڵگەیەکدا بڵاودەکەنەوە کە فرە رەگەزو

**شێخ رەشید حەج ئەکبەر کە زانایەکی موسڵمانی سریلانکاو ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامییە دەڵێت: بوزییەکان زۆر میانڕەون و لێبووردەییان هەیە کە لای هیندۆس نییە، زۆر بە ئاسانی دەکرێ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت**

**لەنێوان ساڵی ١٨٨١ بۆ ١٩٠١ موسڵمانان بە پێویستیان زانی پەیمانگەو زانکۆ دامەزرێنن بە مەرجێ کۆی زانستەکان لەخۆبگرێت، واتا نەک تەنیا تەرکیز بخرێتە سەر زانستە ئایینییەکان، بەڵکو بۆ خزمەتی گەل و وڵات دەبێ زانستەکانی دیکەش بخوێندرێن**

**لە ساڵی ١٩٨٧ یەکێتیی موسڵمانان لە سریلانکا دامەزرا، بەڵام هەندێ گرووپی توندڕەو چوونە ڕیزیەوە و ئاژاوەو کێشەیان نایەوە و میانڕەوەکان ناچاربوون هەڵیبوەشێننەوەو یەکێتییەکی دیکە بە ناوی یەکێتیی موسڵمانانی کونسلی ئۆف سریلانکا دابمەزرێنن، کە (٦٠) کۆمەڵەی لەخۆگرتبوو**

ئایینە، لە ساڵی ٢٠٠١دا لایەنگرانی ئیسلامی سیاسی لە کۆڵۆمبۆی پایتەختەوە خۆپیشاندانیان ڕێک خست دژی دامەزراندنی یەکەم باڵیۆزی ئیسرائیل لە سریلانکاو داوای بڕینی پەیوەندییان لەگەڵ ئیسرائیل کرد، لە ڕاستیدا ئەمەش بۆتە نەریتێك لە زۆربەی وڵاتانی دیکەی موسڵمان ڕوودەدات، ئەگەرنا ئێوە چیتان بەسەر دەوڵەتێکی بوزییە کە خۆتان تێیدا کەمینەن، ئایا کەمینە سیاسەتی دەوڵەت دیاری دەکات، یان پرەنسیپەکانی دیموکراسیی ئەو دەوڵەتە بەرژەوەندییە گشتییەکان، بە دڵنیاییەوە ئەوە پلانەکانی ئیسلامی سیاسییە لە جیهاندا.

**تەقینەوە خوێناوییەکانی سریلانکا**

لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٩ کە شەڕی نێوان حکومەتی سریلانکاو بزووتنەوەی پڵنگەکانی تامیل کۆتایی هاتووە، تەقینەوەکان بوونەتە دژوارترین کێشە لە مێژووی ئەو وڵاتەدا، ئەم تەقینەوانە کریستیانێکانیان کردە ئامانج کە کەمینەیەکی بچووکن بە بەراورد بە بوزییەکان و هینجۆس و موسڵمانان، دیارە ئەمە تۆڵەسەندنەوەی ئەوەیە کە لە نیوزیلاندا ڕوویدا، کاتێ برنتۆن تارنت کە پەڕگیرێکی کریستیانی ئوستراڵی بوو پەنجا نوێژخوێنی لە مزگەوتێکی نیوزلاندا کوشت، ئەمەش لەلایەن وەزارەتی بەرگریی سریلانکا بە ناوی وەزیرەکەی ڕوان ویجواردین Ruwan Wijewardene ڕاگەیاندرا کە وەزیری ڕاگەیاندنیشە، ئەم شوێنانەی کریستیانەکان و پەرستگاکانیان کرابوونە ئامانج بەم شێوەیە:

١) کەنیسەی قدیس سباستیان لە شاری نیجۆمبۆ.
٢) کەنیسەی قەدیس ئەنتۆنی لە شاری کۆچیکادی.
٣) هۆتێلی سینامۆن گراند لە پایتەخت.
٤) هۆتێلی شانگری لە پایتەخت.
٥) هۆتێلی کینگسبیری لە پایتەخت.
٦) باخچەی ئاژەڵانی دهیوالا شاخی لا فینیا.
٧) ماڵێك لە باخچەی ماهاویلا لە شاری دیماتاجۆدا.

ژمارەیەك بیانی لەو هۆتێل و شوێنانە نیشتەجێ بوون، لەم کردەوە تیرۆریستییەدا زیاتر لە (٣٣٠) کەس کوژران کە لەناویاندا(٤٥) منداڵ هەبوون، هەروەها زیاتر لە(٥٠٠) بریندار، ڕۆژێکی خوێناوی بوو لە ژیانی سریلانکییەکان. قوربانییەکان فرەڕەگەز بوون، خاوەنی ماڵپەڕی Asosی بەریتانی ملیاردێری دانیمارکی ئەندریس هۆلك Andres Holch Pov-lesn سێ کوری تێدا کوژران کە بۆ پشووی جەژنی کریستییانەکان ناردبوونیە سریلانکا، هەر لەناو قوربانییەکان ٨ بەریتانی و ١٠ هیندی و تورکی و ژاپۆنی و پورتوگالی و ئەمریکی هەبوون، دەسەڵاتدارانیش (٦) کەسی بەم تاوانە دەستگیرکرد، ژمارەی خۆکوژەکان نۆ کەس بوون و ئافرەتێکیشیان تێدا بوو، دەرکەوت بە پێناسە هەموویان سریلانکی بوون، بێگومان هەواڵگریی هیندستان دەسەڵاتدارانی سریلانکای ئاگادارکردەوە کە هێرشێك ڕوودەدات، بەڵام دیارە ناکۆکیی نێوان سەرۆکی سریلانکا مایسریباڵا سیریسینا Maithripala Sirisena و سەرۆك وەزیران ڕانیل ویکریمیسنگی Ranil Wickeremesinghe ئەم کارەساتەی لێکەوتەوە.

پێشتر سەرۆکی سریلانکا سەرۆك وەزیرانی لە ساڵی ٢٠١٨ لەکار لابردو دواتر گەڕاندیەوە، وەزیری تەندروستی ڕاجیسا سیناراتنی Rajtha Senaratne کە وتەبێژی حکومەتە ڕایگەیاند سەرۆك وەزیران ئاگای لە ڕاپۆرتەکانی هەواڵگری نەبووە تایبەت بەو هێرشانە، بەڵکو لای سەرۆك کۆمار بوون، ئەمەو سەرۆکی پەرلەمانی سریلانکا کارو جایاسوریا Karu Jayasuriya ڕایگەیاندبوو کە سەرۆك کۆمار لە ٧ی نیساندا سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی ئاسایشی سریلانکای کردبوو، بەڵام لە نزیك و دوورەوە ئاماژەی بەو زانیارییانە نەکردووەو کە لە ٤ی نیسان هەواڵگریی سریلانکا گەیاندبوونی، دیارە ئەمەش بۆ لێدانی سەرۆك وەزیران بووە لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە، فەرماندەی پۆلیسی سریلانکاش ڕوونی کردبۆوە کە لە ١١ی مانگی نیسانی ڕابردوودا بەڵگەنامەیەکی بەدەستەوە بووە کە گرووپی تەوحید پیلان دادەڕێژن بۆ ئەنجامدانی هێرشێکی خۆکوژی بەپێی زانیاریی هەواڵگریی بیانی، حکومەتیش ڕایگەیاند کە ئەم هێرشانە دەستکردی ناوخۆیین و گرووپی تەوحیدی

نیشتمانیی سریلانکی NTJ، ئەنجامیداون، بەڵام بە پاڵپشتیی دەرەکی چونکە لەسەرووی توانای خۆیانەوە بووە. لە راستیدا زانیاری لەسەر ئەو گرووپە کەمە، بەڵام لە چەندین گەنجی پەڕگیری سریلانکی پێکدێن لە بزووتنەوەیەکی ئیسلامی لە شێوەی داعش، گرووپێکی تازەیە و لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە و لە گرووپی تەوحیدی سریلانکی SLT جیابووەتەوە بە سەرۆکایەتیی عەبدولڕەزاق کە پێشتر باسمان کردووە، ئەو پیاوە پێش ئەوەش هەڵوێستی خۆی لەمەڕ داعش راگەیاندبوو کە گوتبووی: (داعش پەیوەندیی بە ئیسلامەوە نییە، لەسەر حکومەتیش پێویستە لە یاساغکردنی لە وڵات دوودڵ نەبێت، ئێمەش ئامادەین یارمەتی بدەین، ئەگەر حەزبکات)، ئەم گرووپە بەیاننامەیەکیان لە ماڵپەڕی خۆیاندا بڵاوکردەوەو پرۆتستۆی ئەم هێرشانەیان کرد و هاوسۆزیی تەواوی خۆشیان راگەیاند بۆ قوربانییان، لە بەیاننامەکەیاندا هاتووە:( بیرکردنەوەو نوێژمان بۆ ئەوماڵباتانەیە کە رۆڵەکانیان بوونەتە قوربانیی ئەم تراژیدیایە) داواشیان لە حکومەت کرد ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە دادگایی بکات، بەڵێنیشی دا خوێن بۆ بریندارن ببەخشێت، دواتر رایگەیاند کە گرووپێکی خێرخوازی بانگخوازە بۆ یارمەتیدانی مرۆڤایەتی، هەروەها ئەنجومەنی ئیسلامی لە سریلانکا بەیاننامەیەکی دەرکرد و پرۆتستۆی ئەو کردەو تیرۆریستییانەی کرد کە مەبەستی نانەوەی دووبەرەکییە لەنێوان گرووپە ئایینی و ئیتنییەکان، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی ئیسلامی ئەحمەد حیلمی رایگەیاند کە بەر لە سێ ساڵ دەسەڵاتدارانی لە گرووپی توحیدی نیشتمانی هۆشیارکردبۆوە، هەروەها گوتبووی کە ئەو گرووپە لایەنگری هاندەدا بە ناوی ئایینەوە کەسانی ناموسڵمانیش بکەنە ئامانج، هاوکات ئەنجومەنی زانایانی موسڵمان بە هەمان ئێوە لە بەیاننامەیەکدا زێڕای نارەزایی دەربڕین بەرامبەر ئەو تاوانە هاوخەمیی خۆی بۆ کریستیانان دەربڕی، بێ گومان گرووپی تەوحیدی نیشتمانی کە ئەم تاوانە قێزەوەنەی ئەنجام دا سەربە داعشە، عوقڵی تەگبیرکاریشی محەمەد قاسم زەهران هاشمییە کە داوای لە گەنجان دەکرد بەیعەت بدەنە ئەمیری داعش ئەبوبەکر بەغدادی، بینیمان چۆن لە تۆمارێکدا لەگەڵ هاوپەیڕەوانی بەیعەتنامە دەخوێنێتەوە، هەر ئەو زەهران هاشمییەیە کە کردەوەیەکی خۆکوژی لە هوتێلی شانگری ئەنجام دا، پێشتریش پلانی دارشتبوو بۆ هێرشکردنە سەر کۆمسیۆنی باڵای هیندی لە پایتەخت، بەڵام شکستی هێنا، لە ساڵی ٢٠١٧ تۆماری وێنەیی بڵاوکردبۆوە و تێیدا داوای جیاکاریی ئایینی و کوشتنی خەڵکانی ناموسڵمانی دەکرد، پێشتریش زەهران چەندین جار لەگەڵ سەرکردەکانی ئیسلامی سیاسی لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی کۆبووەوە، دواجاریش لەگەڵ قەرەزاوی لە دەوحە، هەروەها گرووپێکی دیکەی ئیسلامیی سریلانکی هەیە بەڵام ناسراو نییە، رەنگە بەم دواییە دامەزرابێت بە ناوی گرووپی میللەتە ئیبراهیم کە ئەویش لەو تەقینەوانەی دوایی گلاوە، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە پەیوەندییەکانی گرووپی تەوحیدی نیشتمانیی سریلانکی ئەوا پەوەندیی بەهێزی لەگەڵ گرووپێکی توندڕەوی هیندی هەیە کە لە پاکستان کاردەکات و عەبدولڕەحمان نەدەوی هیندی دایمەزراندووە، کە بە سەلمان نەدەوی ناسراوە و تۆمارێکی وێنەیی بڵاوکردەوە و تێیدا گوتبووی: (ئەگەر لە جێگایەك بوویت، بۆت رێککەوت ئەمریکییەك، ئەوروپییەك، فەرەنسییەك، ئوسترالییەك، یان کەنەدییەك بکوژیت، دەست مەپارێزە، ئەوانە شەڕیان دژی دەوڵەتی ئیسلامی راگەیاندووە)، دواتر وتارەکەی تایبەت کرد بە هیندۆس و گوتی: (لە هەر شوێنێك بتپەرستانتان بینی، بیانکوژن). کۆمەڵەیەکی لاوانی ئیسلامیی دامەزراندبوو، کاتێکیش بەغدادی خۆی بە خەلیفە ناساند، پیرۆزبایی لێ کرد، ئەمەش وای کرد کە سوڵتاننشینی عومان دەری بکات، کاتێ خەریکی خوێندنەوەی وتاری ئایینی بوو، قەتەریش پێشوازی لێ کرد تا لە دەوحە لەگەڵ قەرەزاوی سەرۆکی پێشووی یەکێتیی جیهانیی زانایانی موسڵمان کۆببێتەوە، دواتر کەوتە دژایەتیکردنی سعودیەو ئیمارات چونکە دژی (دەوحەن) بە هۆکاری ئەوەی ئەندامانی بزووتنەوەی حەماس و ئیخوان موسلمین و قەرەزاوی حەواندۆتەوە.

**ساڵی ٢٠٠١دا لایەنگرانی ئیسلامی سیاسی لە کۆڵۆمبۆی پایتەختەوە خۆپیشاندانیان رێک خست دژی دامەزراندنی یەکەم باڵیۆزی ئیسرائیل لە سریلانکاو داوای بڕینی پەیوەندییان لەگەڵ ئیسرائیل کرد، لە راستیدا ئەمەش بۆتە نەریتێک لە زۆربەی وڵاتانی دیکەی موسڵمان روودەدات**



مەسعود حەیدەر

راوێژکاری سەرۆک بارزانی بۆ گوڵان:

# ئومێد زۆرە بەهۆی لێکتێگەیشتنی نێوان هەرێم و بەغدا دەرفەتی گەورەی وەبەرهێنان لە نێوان هەردوولا دروست بێت

دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان قۆناخێکی سەخت و دژواری دارایی و ئەمنی تێپەڕاند، توانی وردە وردە بەرەو بووژانەوە و گەشەکردن هەنگاو بنێت، پەیوەندییەکانی هەرێمیش لەگەڵ بەغدا وەرچەرخانی بەخۆوە بینی و، ئاماژەکانی کرانەوەی ئاسۆی نوێ لە نێوان هەردوولادا بەدی دەکرێن، بەتایبەتی لە رووی هەنگاوهەڵگرتن بۆ هەماهەنگیی ئەمنی و ئابووری و پەرەپێدان لە بواری وەبەرهێنان و ئاوێتەبوونی ئابووریدا، ئەمانەو چەند پرسێکی دیکەی گرنگ و پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیدارێکی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ مسعود حەیدەر راوێژکاری سەرۆك بارزانی.

*** لەوەتەی د.فوئاد حوسێن پۆستی وەزیری دارایی و جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراقی بۆ کاروباری ئابووری وەرگرتووە، هەست دەکرێت جۆرە تێگەیشتنێك بۆ چارەسەری کێشە ئابووری و داراییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دروست بووە، سیاسەتی ئابووریی وەزارتی دارایی عێراق چۆن دەخوێنیتەوە؟ ئایا ئەم وەزارەتە هەتا ئێستا لەو ئاستەیە کە وەرچەرخانێك لەم بوارە دروست بکات؟**

- لە راستیدا وەزارەتی دارایی، وەزارەتێکی گرنگە، لەبەر ئەوەی چەند دامەزراوەیەك راستەوخۆ پەیوەستن بەم وەزارەتەوە وەکو دەستەی خاڵە سنوورییەکان کە لەم دواییانەدا جیاکرایەوە ئیشکالیاتێکی گەورەی دروستکرد، هەروەها دەستەی خانەنشینی و عەقاراتی دەوڵەت و باج. هەروەها دەکرێت پلانەکانی وەزارەتی دارایی ببنە مایەی زیادکردنی نانەوتییەکان، ئەمەش پێویستی بە پلانێکی گشتگیری ئابووری هەیە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیدا، ئەمەش کاتی دەوێت، بەتایبەتی کە ئێمە دەزانین لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە حکومەتی عێراق پلانێکی روونی نەبووە بۆ ئەم وەزارەتە لە رووی پەیکەربەندی و دیدگای ئابوورییەوە، یان ئەو پلانە کورت مەودا و درێژ مەودایانەی لە وەزارەتی پلاندانان دانراون، بیانخاتە بواری جێبەجێکردنەوە. هەرچۆنێك بێت، ئێستا وەزارەتی دارایی مووچە لە کاتی خۆیدا دەستەبەر دەکات و هەوڵدەدات دیدگا ئابوورییەکان جێبەجێ بکات و ئاستەنگانیش تێپەڕێنێت، بەڵام ئەمە تەنیا بەخودی جەنابی وەزیری دارایی عێراق ناکرێت، بەڵکو بە دیدگایەکی گشتگیری حکومەت دەکرێت، کە لەناو خودی وەزارەتەکەشدا بە بوونی کادیری لێهاتوو و پێشکەوتوو و بەتوانا دەکرێت کە پێویستە لەناو وەزارەتەکەدا هەبن.

*** زۆر جار لە میدیاکانی کوردستان باس لەوە دەکرێت کە کێشەیەکی گەورەی دارایی و ئابووری لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی هەیە، بەڵام ئەوەی لە واقیعیشدا هەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە یاسای بودجەی ٢٠١٩ و جێبەجێی کردووە، ئایا هیچ کێشەیەکی ئابووری و دارایی بەو ئاستە لە نێوان بەغداو هەولێر هەیە کە گەیشتبێتە بنبەست و چارەسەر نەکرێت، هەتا خەڵکی کوردستان تووشی دڵەڕاوکێ بکات؟**

- کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا هەرهەمووی کێشەی کەڵەکەبووی ساڵانی رابردوون کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ و نووسینەوەی دەستووری عێراق دروست بوون و زیاتر پەیوەستن بە نەبوونی یاسای نەوت و غاز لە عێراقدا، ئەمە لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان پەرەی بەم سێکتەرە داوە و بەپێی ماددەی ١١٥ی دەستوور ئەو یاسایانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئەفزەڵییەتی دەبێت لەسەر یاسا فیدراڵییەکان. هەموومان باش دەزانین لە هەرێمی کوردستان یاسای سامانە سروشتییەکان هەبووە. لەکۆتادا دوای ئەو هەموو ململانێ سیاسییانەی نێوان هەرێم و عێراق، قۆناغێکی نوێ هاتۆتەئاراوە، ئەویش ئەوەیە لەدوای ساڵی ٢٠١٩ و پەسەندکردنی بودجەی گشتی عێراق و جێگیرکردنی ئەو بڕگەیەی تایبەتە بە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، بەوەی کە نابێت پرسی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بەشێك بێت لە ململانێ سیاسییەکان تەنانەت وەکو بەرپرسیارێتی دەستوورییش بەپێی ماددەکانی (١٥ و ٣٠ و ٣١)ی دەستووری عێراق هاتووە بەوەی بەرپرسیارێتی حکومەتی فیدراڵییە بەوەی مووچەی فەرمانبەران لە هەموو دەوڵەت خەرج بکرێت و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانیش فەرمانبەرن لە دەوڵەتی فیدراڵی، بەو پێیەی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان دامەزراوەی دەستوورین. رەنگە لێرەو لەوێ لەلایەن هەندێك پەرلەمانتاری کورد و فراکسیۆنەوە لەسەر ئاستی کەسێتی یان پێکهاتەکانی دیکە بۆ ئامانج و ئەجیندای سیاسی ئەم بابەتە بورووژێنن، بەڵام بەپێی زانیاریی من لە یاسای بودجەی ٢٠١٩ دا بە هیچ شێوەیەك کاریگەریی دروست ناکات لەسەر هاتنی ئەو بڕە پارەیەی کە وەکو مووچە بۆ فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دێت. تەنانەت پێویستە لە دانوستانەکانی داهاتووی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی ئەم بابەتە نەبەسترێتەوە بە هیچ مەلەف و بابەتێکی دیکەوە. چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا لە دوای دەستبەکاربوونی کابینە وەزارییەکەی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز کاك مسرور بارزانی دۆسێی ئابووری لەنێوان هەرێم و حکومەتی عێراقدا بە یەکێك لە دۆسێ گرنگەکان دابنرێت کە لەدانوستانەکاندا قسەی جددی لەسەر بکرێت، لەوێشدا نابێت بە

**سەرۆک مسعود بارزانی لەناوچەکەو جیهاندا وەکو رەمز و سیمبول مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و وەکو چەترێک بۆ کۆکردنەوەی ناوماڵی کورد و یەکخستنی نیشتمان و سەقامگیریی سیاسی سەیر دەکرێت**

**چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا دۆسێی ئابووری لەنێوان هەرێم و حکومەتی عێراقدا بە یەکێک لە دۆسێ گرنگەکان دابنرێت کە لەدانوستانەکاندا قسەی جددی لەسەر بکرێت**

**بەرپرسیارێتی حکومەتی فیدراڵییە ئەو بڕە پارەیەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم دابین بکات، تاوەکو بەپێی ئەو داهاتەی کە هەرێم هەیەتی، تەکمیلەی مووچەکە بکات و لەکاتی خۆیدا مووچەکە دابەش بکرێت**

**ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان خاوەنی زیاتر لە ١٥ ساڵ ئەزموونە لە سەرۆکایەتیی حکومەت و شارەزاییەکی تەواوی لە هەموو دۆسێکان هەیە و پشتیوانییەکی گەورەی کابینە وەزارییەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت**

**حکومەتی عێراق لە ماوەکانی رابردوو ٤٠-٥٠ ملیار دۆلاری لە پارەی نەختیی عێراق لە بانکی ناوەندی بەکارهێناوە، بێ ئەوەی مافی هەرێمی کوردستانی لێ بدات**

**دۆسێی ئابووری و کێشە دارایی و نەوتییەکان کۆمەڵە کێشەیەکی ئاڵۆزو فراوانن، ئەگەر ئیرادەی سیاسی هەبێت بۆ ڕێزگرتن لە دەستوور، دەکرێت لە ٢٠٢٠دا چارەسەر بکرێت**

هیچ شێوەیەك دۆسێی فەرمانبەرانی هەرێم ببەسترێتەوە بە هیچ بابەتێکی دیکەوە، چونکە ئەوە بەرپرسیارێتی حکومەتی فیدراڵییە ئەو بڕە پارەیەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم دابین بکات، تاوەکو بەپێی ئەو داهاتەی کە هەرێم هەیەتی، تەکمیلەی مووچەکە بکات و لەکاتی خۆیدا مووچەکە دابەش بکرێت.

*** ئێمە دەزانین لەماوەی ساڵانی رابردوو کێشەیەکی گەورە لەنێوان هەرێم و بەغدا لە بواری نەوت هەبووە، بەڵام ڕێککەوتنی بەشداریکردن لە حکومەتی فیدراڵی و سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا، نەخشەڕێگەیەکی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە دروست کردووە و لەنێوان لیژنە هاوبەشەکانی هەرێمی و بەغداش کار لەسەر ئەم نەخشەڕێگەیە دەکرێت، پرسیاری تایبەتیی ئێمە ئەوەیە، ئایا نەخشەڕێگەی راست بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەوت لە نێوان هەولێر و بەغدا چۆنە و تاچەند حکومەتی فیدراڵی پابەندە لەسەر ئەوەی بەو نەخشەڕێگەیە چارەسەری کێشەکان بکات؟**

- پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتیی بەڕێز د.عادل عەبدولمەهدی و سەردانە مێژووییەکەی جەنابی کاك مسعود بارزانی بۆ بەغدا بەستەڵەکی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدای شکاند و ڕێککەوتن لەسەر ئەوە کرا کە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بەدەربێت لە هەر جیاوازییەك لەسەر دۆسێی نەوتی، خۆشبەختانەش لەماوەکانی رابردوودا توانرا بە سەرۆکایەتی دکتۆر فوئاد حوسێن وەزیری دارایی عێراق ڕێککەوتن لەسەر دەروازە سنوورییەکانیش بکرێت و هەموو ئەو خاڵ و بازگە گومرگییانەی کە لەنێوان شارەکانی هەرێم و عێراقدا دانرابوون، هەڵگیران. لەدوای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە قۆناغێکی نوێ دەست پێ دەکات، بەو پێیەی جەنابی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان خاوەنی زیاتر لە ١٥ ساڵ ئەزموونە لە سەرۆکایەتیی حکومەت و شارەزاییەکی تەواوی لە هەموو دۆسێکان هەیە، ئەوا پشتیوانییەکی گەورەی کابینە وەزارییەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، ئەمە وێڕای کارامەیی و توانایی ڕێزدار سەرۆکی حکومەت. لێرەدا گرنگ ئەوەیە بەغدا ئیرادەیەکی سیاسیی راست و دروستی هەبێت بۆ ڕێزگرتن لە دەستوور و چارەسەرکردنی هەموو کێشە هەڵپەسێردراوەکان، چونکە لە پێنج ساڵی رابردوودا هەرێمی کوردستان وێڕای ئەوەی شەڕی داعشی دەکردو زیاتر لە ملیۆن و نیوێك ئاوارە لە ناوچەکانی عێراقەوە روویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو، لەو شەڕەشدا کورد قوربانییەکی زۆری دا، کەچی بەغدا تاکلایەنانە بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستانی بڕی، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچەی فەرمانبەران بە شێوەی پاشەکەوت بدات، تاوەکو بەرپرسیارێتی سەرشانی بۆ ئیدارەدانی هەرێمەکە جێبەجێ بکات. بەشێوەیەکی گشتی دۆسێ ئابوورییەکان لە گرنگترین ئەو دۆسێیانەن کە لە چاوەڕوانی چارەسەرکردندان لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، لەوانەش دۆسێی نەوت، بودجە، خەرجیی سیادی، پرۆژە ستراتیژییەکان و دۆسێی سندوقی سیادی و پارەی نەختیی عێراق لە بانکی ناوەندی کە لە ماوەکانی رابردوودا حکومەتی عێراق ٤٠-٥٠ ملیار دۆلاری لێ بەکارهێناوە، بێ ئەوەی مافی هەرێمی کوردستانی لێ بدات و سوودی بۆ هەرێم نەبووە، هەروەها دۆسێی ئەو قەرزانەی کە عێراق وەریگرتووەو تا ئێستا هەرێمی کوردستان لێی سوودمەند نەبووە کە بە ١٢٠ ملیار دۆلار دادەنرێت و چەندین بابەتی دیکە کە هەر هەموویان پێویستە لە پاکێجێکدا لەگەڵ عێراقدا دانوستانی لەسەر بکرێت بەپێی دەستوور و لەچوارچێوەی دەستووردا ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت. لەلایەکی دیکەوە ئیستحقاقاتی کۆمپانیاکانی نەوت و بەڵێندەرایەتی کە لەکوردستان کاریان کردووەو ئیشکالیاتیان بۆ دروست بووە، بەشێوەیەکی گشتی دۆسێی ئابووری و کێشە دارایی و نەوتییەکان کۆمەڵە کێشەیەکی ئاڵۆزو فراوانن، ئەگەر ئیرادەی سیاسی هەبێت بۆ ڕێزگرتن لە دەستوور، دەکرێت لە ٢٠٢٠دا چارەسەر بکرێت.

*** هاوکات لەگەڵ دەستبەکاربوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و راسپاردنی مسرور بارزانی بۆ پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، باس لەوە دەکرێت کە دەرگایەکی فراوان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان (بەتایبەتی کێشە دارایی و ئابوورییەکان) لەنێوان هەولێر و بەغدا دەکرێتەوە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا**

**ئـەو بنەمایانـە چیـن کـە بـەو ئاسـتە گەشـبینی دروسـت دەکـەن کـە کێشـە ئابـووری و داراییـەکان لەنێـوان حکومەتـی هەرێـم و بەغـدا چارەسـەر بکرێـن؟**

- لـەدوای ٢٠١٤ هەرێمـی کوردسـتان بـە قۆناغێکـی زۆر سـەختدا تێپـەڕی، بەهـۆی پەرتەوازەیـی و پشـێوی نێوماڵـی کـورد کـە کێشـەو ئاستەنگی زۆری تێدا بـوو، دەتوانم بڵێم لـەدوای ٢٠١٤وە کـورد بـە قۆناغێکـی سـەختی مێژوویـدا تێپـەڕی. خۆشـبەختانە کـورد بووەتـە خاوەنـی سـیمبولێك کـە جەنابـی مسـعود بارزانی-یـە کـە لەسـەر ئاسـتی نێوخـۆ و ئیقلیمـی و نێودەوڵەتـی پێگـە و هێـزی خـۆی هەیـە، لەناوچەکـەو جیهانـدا سـەرۆك مسـعود بارزانـی وەکـو ڕەمـز و سـیمبول مامەڵـەی لەگـەڵ دەکرێـت و توانـراوە وەکـو چەترێـك بـۆ کۆکردنـەوەی ناوماڵـی کـورد و یەکخسـتنی نیشـتمان و سـەقامگیریی سیاسـی سـەیر بکرێـت، ئـەو سـەقامگیرییە سیاسـی و ئابوورییـەی ئێسـتا لەئارادایـەو پەرلەمانتـارو نوێنەرانـی حزبـەکان توانییـان جـۆرە ڕێککەوتنێـك بکـەن و دەرئەنجامەکـەی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان دەستنیشـان کـراو سـەرۆکی حکومەتـی داهاتـووی کوردسـتانی ڕاسـپارد بـۆ پێکهێنانـی کابینەکـەی، ئەمانـە هەمـووی نیشـانەی ئیجابـی و گەشـبینییە، بـۆ سـەقامگیریی سیاسـی و ڕێکخستنەوەی نێوماڵـی کورد و یەکڕیزی، کـە بۆ دانوستان و پێگـەی کـورد لـە عێـراق و ناوچەکـەدا گرنگـە، هـەر ئەمەشـە وایکـردووە وڵاتانـی جیهـان بـە گرنگییـەوە بڕواننـە دۆخـی سیاسـیی هەرێمـی کوردسـتان و لەتەنیشـت ئـەو سـەقامگیرییە ئەمنییـەی بەهێـزو بـازووی پێشـمەرگە و هێـزە ئەمنییـەکان و دامودەزگاکانـی ناوخـۆ بەرقـەرار بـووە، بـە هەمـوو ئەمانـە توانـراوە سـەقامگیریی ئاسـایش دابیـن بکرێـت، گرنـگ ئەوەیـە هەمـوو ئـەم دەسـتکەوتانە بخرێتـە خزمەتـی سـەقامگیریی سیاسـی و ئابـووری لـە هەرێمـی کوردسـتان، بەمـەش هـەردوو فاکتـەری سـەقامگیریی سیاسـی و ئابـووری لەتەنیشـت سـەقامگیریی ئەمنـی ئومێدبەخشـن بـەوەی هەرێمـی کوردسـتان لـە ڕووی ئابوورییـەوە گەشـەی زیاتـر بەخۆیـەوە ببینێـت، ئـەوەی گرنگـە دڵسـۆزانی کـورد بەتایبەتـی نوێنەرانـی کـورد لەبەغـدا ئـەو پێگەیـەی هەیانـە کـە نوێنەرایەتـی گەلـی کوردسـتان دەکـەن لـە بەغـدا و دامـەزراوە فیدراڵییەکانـی عێراق، بیخەنـە خزمەتـی بەرژەوەندییەکانـی خەڵکـی کوردسـتانەوە، نـەوەك بەرژەوەندییەکانـی خەڵکـی کوردسـتان بخەنـە خزمەتـی ئەجندا شەخسـی و سیاسـییەکانی خۆیـان.

*** ئاشـکرایە بێجگـە لـە پەیوەندیـی ئابـووری و داراییـی فەرمیـی نێـوان هـەردوو حکومەتـی (هەولێـر و بەغـدا) پەیوەندیەکـی فراوانـی بزنـس و وەبەرهێنانیـش لـە نێـوان کەرتـی تایبەتـی (هەرێمـی کوردسـتان و عێراق)یـش هەیـە، ئـەم هەماهەنگـی و پەیوەندییـەی نێـوان بزنسـمان و وەبەرهێنانـی هـەردوولا، گوڕوتینێکـی دیکـە بـە گەشەسـەندنی ئابووریـی عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان دەبەخشـێت، ئایـا تاچەنـد وەزارەتـی داراییـی هەرێـم و وەزارەتـی داراییـی ناوەنـد، دوو فاکتـەری گرنگـن بـۆ ئـەم گەشەسـەندنە ئابوورییـە گرنگـە؟**

- ئەگـەر پەیوەندییەکانـی نێـوان هەرێـم و بەغـدا سـەقامگیر و بـاش بێـت، ئـەوا ڕەنگدانـەوەی لەسـەر کاری بزنـس و وەبەرهێنـان و بووژانـەوەی کەرتـی تایبـەت دەبێـت، ئێسـتا زۆر لـە کۆمپانیاکانمـان لـە ناوچەکانـی دیکـەی عێـراق کاردەکـەن و بوونەتـە خاڵـی هاوبـەش و مایـەی دروسـتبوونی پەیوەندییەکـی بـاش، لـە حاڵەتـی بوونـی سـەقامگیریی ناوچەکانـی عێراق و هەرێمـی کوردسـتان کۆمپانیاکانـی هـەردوو لا دەتوانـن ڕووبکەنـە ناوچەکانـی یەکتـرو وەبەرهێنـان بکـەن و ببنـە فاکتەرێك بۆ گەشەسـەندنی ئابووری. ڕاسـتە پەیوەندیـی ئابـووری و سـوودوەرگرتن لەتوانـاو ئـەدای کۆمپانیاکانـی هەرێمـی کوردسـتان لـە ناوچەکانـی عێـراق کاتـی پێویسـتە، بـەڵام ئـەم پرۆسـەیە دەسـتی پێ کردووە و هەنگاوی باشـی ناوە، مـن خـۆم ئومێـدم زۆرە کـە بەهـۆی لێکتێگەیشـتنی نێـوان هـەردوو حکومەتـی هەرێـم و عێـراق هەلێکـی باشـی وەبەرهێنـان و بیزنـس لەنێـوان هەرێـم و عێـراق لـە بەرژەوەندیـی هـەردوولا دەکرێتـەوە، هەماهەنگـی و مامەڵەکـردن و پەیوەنـدی لەنێـوان کۆمپانیاکانـی هەرێمـی کوردسـتان لەناوچەکانـی عێـراق بـۆ ئێمـە باشـترە، چونکـە هەرێمـی کوردسـتان لەچوارچێـوەی دەوڵەتێکـی فیدراڵـی کار دەکات و سـنوور و ژمـارەی هاووڵاتیـان و بازاڕەکانـی عێـراق فراوانتـر و گەورەتـرن بـەراورد بـەم چـوار پارێزگایـەی هەرێمـی کوردسـتان، لەمەشـدا فاکتـەری هاوبەشـمان هەیـە کـە بریتییـە لـە لێکتێگەیشـتنی هاوبـەش بـۆ سـەقامگیریی سیاسـی و ئابـووری لـە هەرێـم و عێـراق.

**هەردوو فاکتەری سەقامگیریی سیاسی و ئابووری لەتەنیشت سەقامگیریی ئەمنی ئومێدبەخشن بەوەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە گەشەی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت**


**ئەوەی گرنگە دڵسۆزانی کورد بەتایبەتی نوێنەرانی کورد لەبەغدا ئەو پێگەیەی هەیانە بیخەنە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان، نەک بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان بخەنە خزمەتی ئەجندا شەخسی و سیاسییەکانی خۆیان**

**ڕاستە پەیوەندیی ئابووری و سوودوەرگرتن لەتواناو ئەدای کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکانی عێراق کاتی پێویستە، بەڵام ئەم پرۆسەیە دەستی پێ کردووە و هەنگاوی باشی ناوە**

# سەرچاوەكانی وزە هەڵسووڕێنەر و داینەمۆی ئاوەدانی و ئابووریی كوردستانە

دەستبردن بۆ مەلەفی وزە بڤەو حەرام بووە لەسەر كوردان لە ساتە رابردووەكانی رژێمە سەركوتكارەكاندا، ئێستاش هەر یەک لە سونگەیێكەوە لێی دەڕوانێت، بەشێكی تەواو سیاسی و ململانێییە، بەشێكیشی لۆژیكانە و نیشتمانپەروەرانەیە و دۆخی وزە وەک خۆی دەیبینێت

دیارە كوردستان بەگشتی و هەرێم بەتایبەتی دەوڵەمەندە لە سەرچاوە سروشتییەكانی وزە، سەرەڕای سەرچاوەو كەرتی گرنگی ئابووریی جۆراوجۆری تریش وەك، گەشتوگوزار و كشتوكاڵ، بەڵام ئیمڕۆ لە رووی پڕاكتیكەوە سەرچاوەكانی وزە هەڵسووڕێنەرو داینەمۆی ئاوەدانی و ئابووریی هەرێمی كوردستانن، لە داهاتووی نزیك و لە دەساڵی رابردووشدا سەرەڕای كێشە داراییەكان، بەڵام ئەم گەشە ئابوورییە لە ئاوەدانی و ئاسایش و بووژاندنەوەی كوردستانی بەگشتی كردووەتە سەرمەشق بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاكانی دیكەی عێراق و ناوچەكەش - تەنهاو تەنها پێگەو رۆڵی كەرتی وزەیە، دیارە لێدوان و قسەی بەمەبەست و توانجی زۆرو جۆراوجۆر هەیە لە ناوخۆی كوردو نەیارەكانیشی لە دەرەوەی كوردستان لەسەر كەرتی وزەی هەرێمی كوردستان و كارەكتەرە هەڵسووڕێنەرەكانی زۆرجار بە مەرامی كەسی و ململانێی سیاسی، یان بەرژەوەندیی تایبەت، گوایە كاروباری وزە رەهەندی سیادی هەیە و ئیشی كورد نییە!! هەروەك دەستبردن بۆ مەلەفی وزە بڤەو حەرام بووە لەسەر كوردان لە ساتە رابردووەكانی رژێمە سەركوتكارەكاندا، ئێستاش هەر یەك لە سونگەیێكەوە لێی دەڕوانێت، بەشێكی تەواو سیاسی و ململانێییە (كە من زۆر لەسەری ناڕۆم لەم بابەتەدا)، بەشێكیشی لۆژیكانە و نیشتمانپەروەرانەیە و دۆخی وزە وەك خۆی دەیبینێت و بە بەراورد



ئەندازیار: محەمەدئەمین هەورامانی

بۆ گولان نووسیویەتی

لەگەڵ رابردوو، یان دۆخی وزە لە دە-دوانزە ساڵێك پێش ئێستا کە هەر سووتەمەنییەك لە دەرەوە و پاڵاوگەی بێجییەوە هاوردە نەکرایە، سەرچاوەی تر نەبوو! هەروەهاش وزەی کارەبا ئەگەر وێستگە ئاوییەکانی دوکان و دەربەندیخانی لێ دەرچێت کە وزەیەکی زۆر سنوورداریان بەرهەم دەهێنا لە ساڵانی رابردوودا، سەرەڕای ئەوەی ئیمڕۆ خواست و پێویستییەکانی وزە دە هەندەی ئەو رابردووە زیادیان کردوە، بەڵام خۆشبەخانە ئەمڕۆ وزەی پێویست لە سەرچاوە سروشتییەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەرهەم دێن، بەتایبەتیش کارەبا، پێچەوانەی بەرهەمی کارەبای عێراق بەو هەموو پاشخان و بوودجە زەبەلاحەوە کە ئێستا چواریەکی کارەباکەی یان لە غازی ئێران بەرهەمدێت یان کارەبا لە ئێران و هەرێمەوە هاوردە دەکات، قەولیشە لەچەند ساڵی داهاتووش هاوردەی کارەبای وڵاتی سعودیەشی بێتەسەر .

وزە بەگشتی، داخوازی لەسەری هێشتا هەر لە زیادبووندایە لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە رێژەیەکی زۆر بەرزتر لە ستاندەرە جیهانییەکان، چی بۆ خزمەگوزارییەکانی کارەباو ئاو بێت، لەبەر زۆریی رێژەی نیشتەجێبون، هۆکانی گواستنەوە و جموجووڵە ئابورییەکان لە پیشەسازی چیمەنتۆ و ئاسن بە پلەی یەك، گەشەی بازرگانی، گەشتوگوزار و کشتوکاڵ و زۆر بواری تریش کە ئەستەمە ئەم بوارانە گەشە بکەن، بەبێ فەراهەمبوونی

**خۆشبەخانە ئەمڕۆ وزەی پێویست لە سەرچاوە سروشتییەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەرهەم دێن، بەتایبەتیش کارەبا، پێچەوانەی بەرهەمی کارەبای عێراق بەو هەموو پاشخان و بوجە زەبەلاحەوە کە ئێستا چواریەکی کارەباکەی یان لە غازی ئێران بەرهەمدێت یان کارەبا لە ئێران و هەرێمەوە هاوردە دەکات**

سەرچاوەکانی وزە، بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان لەلایێك و گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوونی جموجوڵی ئابووری، کۆمەڵایەتی و پێویستی خزمەتگوزارییەکان وەك ئاماژەمان پێداوە هەوڵی دابینکردنی هەلی کار لە لایەکی تر.

بێگومان ناکرێت باس لە زیادبوونی بەرهەمهێنانی وزەی فۆسیل (Fossil) کە نەوتی خاو و غاز واتە وزە هایدرۆکاربۆنیەکان بکەین کە ئەمڕۆ سەرچاوەی داهاتن، وە باس لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی زۆر بەکارهێنان و بەفیڕۆدانی ئەم چەشنە وزەیە لەسەر بارودۆخی ژینگە و کەشوهەوا لەبەرچاو نەگیرێت. بۆیە تەندروست بەکارهێنانی هەموو جۆرەکانی وزە ئەرکی هەموانە بە بێ جیاوازی بە ڕێکخراوو ئاژانسە تایبەتمەندەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییشەوە لە بوارەکانی پەروەردە، تەندروستی و ژینگە، وزەی فۆسیل هەتا ئێستاش پتر لە ٨٠٪ ی بەرهەمی وزەی جیهانییە و هۆکاری سەرەکیی پیسبوونی ژینگە و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمایە، بەتایبەتیش کە وزەی نوێ وەك پێویست بەرهەم نەهاتووە، جگە لە ڕێژەییەکی زۆر کەم لەسەر ئاستی ناوخۆ-جیهانی و ناوچەکەش. دەکرێت سەرچاوە سەرەکی و سروشتییەکانی وزە بکرێن بە دوو جۆر لەم ڕووەوە، جۆری یەکەم: وزەی فۆسیل، یان هایدرۆکاربۆنەکانە: واتە نەوتی خاو و غاز بازاڕیان ئەمڕۆ گەرمترە لە بەدەستهێنانی داهات و گونجانی نرخەکانیان لە چەشنەکانی تری وزە، بەڵام ئەمە کاتییە و تا سەر نابێت.


یەدەکی خەمڵێنراوی هەرێمی کوردستان کە بڕەکەی بە ٤٥ ملیار بەرمیل نەوت و ١٧٧ تریلیۆن غاز مەزندە کراوە، بەڵام نوێبوونەوەو بەردەوامیی ئەم چەشنە وزەیە ئەستەمەو درێژە ناخایەنێت، بە گوێرەی بۆچوونی زانایانی زانستی زەویناسی (جیۆلۆجی)، کە سەرچاوە هایدرۆکاربۆنەکان لە ئەنجام و بەرهەمی کات و مێژوویێکی دوورو درێژی چەندان ملیۆن ساڵەن لە شیبوونەوەی ئۆرگانە ئاژەڵی و سروشتییەکان و فشار لەسەریان لە قووڵاییەکانی ژێرزەوی دروست بوون، بۆیە بڕەکەیان سنووردارەو، بەو بڕە زۆرەی ئێستا کە بەکاردێن و دەسووتێنرێن بۆ چالاکییە جۆراوجۆرەکان بەتایبەتیش بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، گواستنەوەو پیشەسازی، بۆیە بۆچوونەکان وان کە لە ماوەی (٧٠ بۆ ٩٠) ساڵێك ئەم چەشنە وزەیە زۆر کەم دەبێتەوەو لەبن دێت، بۆیە ئێستا زۆربەی تویژینەوەکان بەرەو چەشنی دووەمە واتە وزەی نوێ، یان دواڕۆژ Future Energy لە سامانە سروشتییەکان کە بەردەوام نوێ دەبنەوە، پێچەوانەی هایدرۆکاربۆنەکان کە ئەویش سەرچاوە نوێبووەکانی وزەن (Renew-able Energy)، کە ئەوانیش چەند جۆرێکن و گرنگترینیان بریتین لە: جگە لە پۆتێنساڵی ئاو، گەرمایی و وزەی تیشکی خۆر (Solar) کە ناسراوە بە دایکی وزەکان و دواڕۆژێکی زۆرباشی دەبێت لە دابینکردنی وزەی کوردستان و جیهان بەهۆی پێشکەوتنە تەکنۆلۆجیەکان و بەردەوام تێچوونی نرخ و بەرهەمهێنانەکەی دادەبەزێت. بڕوانە گرافی هاوپێچی (١) کە بە ڕوونی دیارە چۆن ڕێژەی هایدرۆکاربۆنییەکان کەم دەبێتەوە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، و وزەی نوێ بە تایبەتی وزەی خۆر پەرەدەسێنێت لە داهاتوودا، ئینجا وزەی با (Wind)، ئاو، گەرمای ژێر زەوی (Geothermal) و زۆر سەرچاوەی تریش و بەشێك لە گازەکان لەوانەش گازی هایدرۆجین، میسان و...هتد، کە بۆ بەرهەمهێنانی وزەی گەرمی و بۆ پێویستیی ناو ماڵ و بزوێنەرو بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بەکاردێن، ئەگەر چی وزەی یۆرانیۆمیش زۆربەی زانایان بە وزەیەکی خاوێن دایدەنێن، سەرەڕای تێبینی و مەترسی لەسەر کۆنترۆڵی و پاشماوەی و تیشکە زیانبەخشەکانی. شایانی باسە بە گوێرەی پشکنینە سەرەتاییەکان کە لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردو کراوە، زۆربەی ناوچەکانی باشووری هەرێمی کوردستان وەك هەردوو قەزای پێنجوێن و شنگار و زۆر شوێنی تریش دەوڵەمەندن بە کانزای یۆرانیوم و دەکرێت وەك سەرچاوەی وزە لە داهاتوودا سوودیان لێ وەربگیرێت.

گرافی لای خوارەوە بە ڕوونی دیارە چۆن بڕ و ڕێژەی وزە هایدرۆکاربۆنییەکان کەم دەبێتەوە و وزەی نوێ بەتایبەتییش وزەی خۆر پەرە دەسێنێت لە داهاتوودا.

**وزەی فۆسیل هەتا ئێستاش پتر لە ٨٠٪ ی بەرهەمی وزەی جیهانییە و هۆکاری سەرەکیی پیسبوونی ژینگە و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمایە، بەتایبەتیش کە وزەی نوێ وەك پێویست بەرهەم نەهاتووە، جگە لە ڕێژەیەکی زۆر کەم لەسەر ئاستی ناوخۆ-جیهانی و ناوچەکەش**

**وزەی تیشکی خۆر (Solar) کە ناسراوە بە دایکی وزەکان و دواڕۆژێکی زۆرباشی دەبێت لە دابینکردنی وزەی کوردستان و جیهان بەهۆی پێشکەوتنە تەکنۆلۆجیەکان و بەردەوام تێچوونی نرخ و بەرهەمهێنانەکەی دادەبەزێت**

**زۆربەی ناوچەکانی باشووری هەرێمی کوردستان وەك هەردوو قەزای پێنجوێن و شنگار و زۆر شوێنی تریش دەوڵەمەندن بە کانزای یۆرانیوم و دەکرێت وەك سەرچاوەی وزە لە داهاتوودا سوودیان لێ وەربگیرێت**




توانا بەردەستەکان وزە نوێبووەکانی تر، وزەی با، تیشکی خۆر، ئەتۆم و وزەی هایدرۆکاربۆن

وێنەی ژمارە (١) کە پێشبینی گەشەی توانای جۆرە سەرەکییەکانی وزە پیشان دەدات لە داهاتوودا و هەتا ساڵی (٢٠٤٠).

وەبەرهێنانی وزە هایدرۆکاربۆنییەکانی هەرێم ئەگەرچی لە دوای دەرچوونی یاسای ژمارەی ژمارە (٢٨) لە ساڵی ٢٠٠٧ نەوت و غازی هەرێمی کوردستان و لە دە ساڵی رابردوودا وەبەرهێنانیکی دیار لە بواری نەوت و غازدا کراوە و چەندان بلۆکی گەورە و کێڵگەی نەوتی، ئێستا کۆمپانیا جیهانییەکان و ناوچەییەکان وەبەرهێنانی تێدا دەکەن، سەرەڕای رۆڵی نەرێنی و کێشمەکێشی حکومەتی ناوەند هەر لە سەرەتای پرۆژەکەوە و هەتا گەیشتن بە برینی بوجەی خەڵکی هەرێمی کوردستان کە بەهۆی تەفسیری جیاواز بۆ برگەکانی دەستووری عێراق، دواکەتن و دەرنەچوونی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی هەتا ئێستاش لە پەرلەمانی عێراق هەڵپەسێردراو، وە ئەم پرۆسەی وەبەرهێنانەی وزەی هەرێم کە بە بڕبڕەی بووژاندنەوەی ئابووری-ئاوەدانیی هەرێم دادانرێت، سەرەڕای سوودمەندیی حکومەتی ناوەندیش لە روی داراییەوە بە کەمکردنەوەی بڕی شایستەی بوجەی هەرێم بە ئێستاشەوە بە بەراورد لەگەڵ پێش وەبەرهەمهێنانی نەوت و غازی هەرێم، بەڵام بە فیعلی پیشەسازیی نەوت پێشکەوتنی بەرچاوی بەدەست هێناوە و هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ پشکنین و پاڵاوتن و هەناردەی هەیە و نەوت هەناردەی دەرەوە دەکات، سەرەڕای بەکارهێنانی ناوخۆ بەتایبەتیش بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، پشکنین و کارکردنیش بەردەوامە بۆ زیادکردنی ئەو بڕەی ئێستا، هەروەها لە بواری Gas غاز: ئەو غازەی کە هاوکات لەگەڵ نەوت و لە کێڵگە نەوتییەکاندا دەردێت Associated Gas ئێستا بە رێژەیەکی بەرچاو وەبەرهێنراوە لە کێڵگەی خورمەڵە، دوای ئامادەکاری و جیاکردنەوەی لە تێکەڵەی ئاو، گۆگردو گازو ماددە زیانبەخشەکان و پاڵاوتن و کۆمپرێسکردنی سوودی لێ وەرگیراوە و بە گواستنەوەی بە بۆری بۆ وێستگە بەرهەمهێنەرەکانی کارەبا، هەوڵەکانیش بەردەوامە بۆ فراوانکردنی و سوودوەرگرتن لە تەواوی بڕەکەی لە داهاتوویێکی نزیکدا لە ٩٠ ملیۆن پێ سێجاوە لە رۆژێکدا بۆ ١٨٠ ملیۆن پێ سێجا لە رۆژێکدا بۆ زیادکردنی توانای بەرهەمهێنانی کارەبا و گەرمی و پیشەسازییەکانی تر.

کێڵگە غازییەکانی تریش لەوانە کێڵگەی کۆرمۆر، کاری تیادا بەردەوام دەبێت و لە داهاتووشدا کێڵگە غازییەکانی چەمچەماڵ و میران و سمێل وەبەرهێنانیان تێدا دەکرێ، هەتا تەواوی وێستگەکانی کارەبا بە توانای تەواوی خۆیان کاردەکەن و زیادەکەشی هەناردەی دەرەوە دەکرێت، وەك لە پلانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەرنامەی بۆ دارێژراوە هەتا لە داوڕۆژدا سوودی لێ وەربگرن.

**کێڵگە غازییەکانی چەمچەماڵ و میران و سمێل وەبەرهێنانیان تێدا دەکرێ، هەتا تەواوی وێستگەکانی کارەبا بە توانای تەواوی خۆیان کاردەکەن و زیادەکەشی هەناردەی دەرەوە دەکرێت، وەک لە پلانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەرنامەی بۆ دارێژراوە هەتا لە داوڕۆژدا سوودی لێ وەربگرن**

# دەزگای خێرخوازیی بارزانی و هەڵوەستەیەک

یەکێ لەو دەستکەوت و هەنگاوە گرنگانەی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٥، دامەزراندن و کردنەوەی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بوو، کە بۆتە پردێکی گرنگی گەیاندنی هاوکاری و کۆمەکی بۆ ئاوارە و لێقەوماو و هەژارو کەمدەرامەت و بێ باوکان و ماڵباتی شەهیدان و پرۆژەی دیکەی وەك هاوکاریی نەخۆشی ئۆتیزم و خانەی بەساڵاچووان و خوێندنگە و باخچەی ساوایان و بنکەی تەندروستی و دەیان و سەدان کارو پرۆژە و هەنگاوی تری خێرخوازی.

لایەنی ئیجابی و جێی شانازی ئەو دەزگایە لەوەدایە، کە تەعبیر لە کەسایەتیی سەرکردە و هەڵکەوتوویێکی وەك جەنابی مەلا مستەفای بارزانی دەکات و، لەسەر ئەرزی واقع فەلسەفە و رۆئیابینی و مرۆڤدۆستی ئەو سەرکردە بە پراکتیك دەکات و، لە چوارچێوەی کارە خێرخوازییەکەی پەردە لەسەر کاریزمایی ئەو زاتە هەڵدەداتەوە.

کارو پرۆژەی خێرو گەیاندنی کۆمەکی، وە نەبێ تەنیا شتێکی مرۆیی و ویژدانی و رواڵەتی و دڵخۆشکەر بێت، بەڵکو هەوڵ و هەنگاوێکی گەورە و شایستەی پێزانین و خێرێکی نەبڕاوەیە لە تێڕوانینی ئیسلامدا، کە دەیان دەق لە ئایەت و فەرموودە هەن، جەخت لەوە دەکەنەوە ئەو جۆرە هەست و هەڵوێستە یەکێکە لە کردەوە هەرە گەورەکانی نێو دونیابینی ئیسلام و مرۆڤایەتی.

خوای گەورە کە مرۆڤی نیشتەجێی سەر زەوی کردووە و، ئەرکی ئاوەدانی و گەشەی شارستانیەت و کاری مرۆڤانەی پێ سپاردووە، یەکێ لە بنەماو کارە بنەڕەتیەکانی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەك بریتییە لە کاری خێرخوازی و هاوکاریکردنی یەکتر، کە دواجار ئەمە بۆ ئاشتی کۆمەڵایەتی و بەهێزبوونی پەیوەندەیەکان و سەقامگیری و دروستکردنی هاوسەنگی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی خاڵێکی پاڵپشت و بەهێز دەبێت.

لە قورئانی پیرۆزو فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دەیان ئایەت و فەرموودە هەیە، کە جەخت لە بەخشین و یارمەتیدان و ئەنجامدانی کاری مرۆیی و کۆمەککردنی خەڵکی کەمدەرامەت و لێقەوماو دەکات، ئەمە یەکێکە لەو رەهەندە گرنگانەی ئیسلام لەپێناو بەهای ویژدانی مرۆڤ و خزمەتی مرۆڤایەتی و دروستکردنی هەستی هاوکاری و بەدەمەوەچوونی یەکتری، بەپێی فەلسەفەی ئەو تێڕوانەی ئیسلام بێت! بەختەوەریی مرۆڤ بەندە بە بەختەوەرکردنی ئەوانی ترەوە، واتە هەرکات بە فاکتەری ئینسانی یان ئیمانی توانیمان کەسانێك دڵخۆش بکەین، بەهەر شێوازێکی یارمەتیدان، راستەوخۆ لەناخەوە هەست بە ئارامی و بەختەوەری دەکەین و بەرهەمی چاکەکە دەبێتە مایەی خۆشبەختی و ئاسوودەیی دەروون و ئارامیی ویژدان.


خوای گەورە لەو قورئان باسی لەو هەنگاوە خێرییەی نێو مرۆڤ کردووە و دەفەرموێ: (وَأَنْفِقُوا خَيْرًا لِأَنْفُسِكُمْ وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ) التغابن/١٦. واتە: خێرو چاکە بکەن، ئەوانە هەمووی بۆ خۆتان چاکە، جا ئەوەی خۆی بپارێزێت لە رەزیلی و رژدی نەفسی خۆی، ئا ئەوانە هەر خۆیان سەرفرازن.

هەروەها لەبارەی کارە مرۆیی و هەڵوێستە بەرزو مرۆڤدۆستییەکانەوە دەفەرموێ: (وَأَحْسِنُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ) البقرة/١٩٥. واتە: هەمیشە خێرو چاکە ئەنجام بدەن و چاکەخواز بن و (ماڵ و سامانتان لە پێناوی خوادا ببەخشن) چونکە بەڕاستی خوا ئەو چاکەکارانەی خۆشدەوێت.

لەبارەی پاداشت و گەورەیی ئەو جۆرە هاریکاری و پرۆسە خێریانە دەفەرموێ: (وَمَا تُقَدِّمُوا لِأَنْفُسِكُمْ مِنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِنْدَ اللَّهِ هُوَ خَيْرًا وَأَعْظَمَ أَجْرًا)المزل/٢٠. واتە: هەر دەستپێشخەرییەکی چاکە بکەن، بۆ خۆتان سبەی دەیبیننەوە لای خوا دەستان دەکەوێتەوە بە باشتر و پاداشتی گەورەتر.

هەر لەسەر ئەو روانگە مرۆیی و هەڵوێستە جوان و کردە باشەیە، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت)

**دەزگای خێرخوازیی بارزانی تەعبیر لە فەلسەفەو رۆحییەتی سەرکردەیەکی ئاینپەروەرو کوردپەروەرو نیشتماندۆستی وەک مەرحووم مەلا مستەفای بارزانی دەکات، کە فەلسەفەی کوردپەروەری لە دیدی ئەو وابووە مرۆڤ وەک مۆم بۆ خۆی بسووتێ و رووناکی ببەخشێتە رۆڵەکانی گەل و نیشتمان**



مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

دەفەرموێ: (يَقول الله: يا بن آدَمَ أَنْفِقْ أُنْفِقْ عَلَيْك) رواه مسلم، واتە: خوای گەورە دەفەرموێ: ئەی نەوەی ئادەم ببەخشە، منیش پێت دەبەخشم.

پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) پێی فەرموو: (يا رَسُولَ اللَّه أَيُّ الناس أَحَبُّ إلى اللَّه وَأَيُّ الأَعْمَال أَحَبُّ إلى اللَّه؟ فقال: رسول اللَّه (صلى اللَّهُ عليه وسلم) أَحَبُّ الناس إلى اللَّه تَعَالَى أَنْفَعُهُمْ للنَّاس وَأَحَبُّ الأَعْمَال إلى اللَّه تَعَالَى سُرُورٌ تُدْخلُهُ على مُسْلمٍ أو تَكشفُ عنه كرْبَةً أو تَقْضي عنه دَيْنًا أو تَطْرُدُ عنه جُوعًا وَلَأَنْ أَمْشيَ مع أَخ في حَاجَة أَحَبُّ إلي من أَنْ أَعْتَكفَ في هذا الْمَسْجد يَعْني مَسْجدَ الْمَدينَة شَهْرًا وَمَنَ كفَّ غَضَبَهُ سَتَرَ اللَّهُ عَوْرَتَهُ وَمَنْ مَشَى مع أَخيه في حَاجَةٍ حتى يَتَهَيَّأَ له أَثْبَتَ اللَّهُ قَدَمَهُ يوم تَزُولُ الأَقْدَام) المعجم الكبير للطبراني، واتە: ئەی پێغەمبەری خوا کامە خەڵکە باشترین و خۆشەویستترین خەڵکە لای خوا؟ لە وڵامدا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: باشترین کەس لای خوا ئەو کەسەیە کە سوودو نەفعی بۆ خەڵك هەیە، باشترین کردەوەش ئەو کارەیە، کە مرۆڤ بتوانێ خۆشی و خەندە بخاتە دڵی بەرامبەرەوە، یان خەمێکی لەسەر لابدا، یان قەرزێکی لەجیاتی بداتەوە، یان برسێتی کەسێك بشکێنی، یان لەگەڵ موسڵمانێك بڕوات و کارەکەی بۆ راپەڕێنێ، چونکە بەلای منەوە بەجێگەیاندنی پێویستییەکی خەڵك لە مانەوەی یەك مانگی ناو مزگەوت باشترە، هەر کەسێك تووڕەیی خۆی بخواتەوە خوای گەورە کەموکورتییەکانی دادەپۆشێ، هەر کەسێك لەگەڵ کەسێك بڕواو لەگەڵی بمێنێتەوە تا کارەکەی جێبەجێ دەکات، ئەوە خوای گەورە لە رۆژی دوایی پێیەکانی جێگیرو سابت دەکات.

کۆی ئەو دەقانە ئەوەمان پێ دەڵی کە ئیسلام کاری چاکە و یارمەتیدانی خەڵکان، دەکاتە یەکێ لەو بنەماو پێوەرە گرنگانەی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو، کە سەرەنجام گیانی هاوکاری دەبێتە سیمایەکی جوانی نێو مرۆڤەکان و بەشێکی زیندووی شارستانیەت.

هەموو ئەو کارە خێرو هەنگاوە دڵسۆزو دڵخۆشکەرانەی لە فەرهەنگ و هەستی کورد و مێژووی کوردو سەرکردەکانی کورد هەبووە و بەرجەستەیە، یەکێکن لەو شانازی و هەڵوێستە جوامێرانەی نێو کەلتووری گەلەکەمان و رەوشتی بەرزی ژیان لەپێناوی ئەوانی تر، دەزگای خێرخوازیی بارزانی یەکێکە لەو دەزگاو ناوەندە خێرییانەی کە تەعبیر لە فەلسەفەو رۆحییەتی سەرکردەیەکی ئاینپەوەرو کوردپەروەرو نیشتماندۆستی وەك مەرحووم مەلا مستەفای بارزانی دەکات، کە فەلسەفەی کوردپەروەری لە دیدی ئەو وابووە مرۆڤ وەك مۆم بۆ خۆی بسووتێ و رووناکی ببەخشێتە رۆڵەکانی گەل و نیشتمان! ئەم دەزگایە کە لەسەر ئەم فەلسەفەیە نەخشەڕێی خۆی هەڵچنیوە، لە کوردستان کەلێنێکی یەکجار زۆری پڕکردۆتەوە و پانتاییەکی گەورەی کاری خێرو مرۆیی لەسەر ئاستی ناوچەیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی بەر کەوتووە، کە جێگای سوپاس و پێزانینی کوردپەروەران و شانازی نەتەوەییمانە.

پاڵپشتی و پێزانینی کارو هەنگاوەکانی ئەو دەزگا خۆماڵی و خێرخوازیە ئەرکی هەموو لایەکە، چونکە هەماهەنگیکردن و هاریکاری نەخۆش و هەژارو لێقەوماو و ئاوارەو قوتابی و بەساڵاچوو و باخچەی ساوایان و پرۆژە گشتییەکان و پاڵپشتی پێشمەرگە و ماڵباتی شەهیدان، وێڕای ئەوەی داخوازی و ئەرکێکی ئیمانییە، لەهەمان کات کارێکی گەورەی ویژدانی و ئینسانیشە.

لەلایەکی ترەوە هەبوونی دەزگایەکی لەو شێوە، هەم بۆ ناوخۆی کوردستان پێویستە و، فاکتەری زەمینەی خێرو دابینکردنی پێداویستی هاووڵاتیانە لەلایەك و، لە پێشخستنی ژیارو ژینگەی کۆمەڵگە رۆڵێکی شکۆمەندانەی هەیە لەلایەکی ترەوە، لەهەمان کات وێناو و نموونەیەکی پێشەنگ و جوانی ناساندنی فەرهەنگ و هەڵوێستە مرۆڤدۆستییەکانی گەلی کوردە بە رووی نەتەوە و وڵاتانی دەرەوە.

**یەکێ لە بنەماو کارە بنەڕەتیەکانی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەک بریتییە لە کاری خێرخوازی و هاوکاریکردنی یەکتر، کە دواجار ئەمە بۆ ئاشتی کۆمەڵایەتی و بەهێزبوونی پەیوەندەیەکان و سەقامگیری و دروستکردنی هاوسەنگی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی خاڵێکی پاڵپشت و بەهێز دەبێت**